# پێگەی شیعری کلاسیکی کوردی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا

**پ.ی.د.دلشاد علی محمد**
**زانكۆی سلێمانی**
**كۆلێژی زمان**
**بەشی كوردی**

**پێشەكی**

تا ئێستاش كۆمەڵێ پرسیار لە ناوەندەكانی خوێندنو لە ناو هۆڵە ئەكادیمیەكانماداو لە لای ئەدەب دوستانیشمان ، دەربارەی ئەو ڕێبازە شیعرییەی كە بە زاراوەی(كۆن)و(دێرین)و (كلاسیكی) دەناسێنرێو لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا قۆناغی شیعری كوردی پێش جەنگی جیهانی یەكەمی پێ جیادەكریتەوە ، دەوروژێنرێ ، هۆی ئەمەش ، لەلایەك نا ڕوونیو لێڵی ئەو بۆچوونو تێروانینیایە كە تا ئێستا دەربارەی چەمكی زاراوەكە كە(كلاسیكی)یەو شیاوی بەكارهێنانی بۆ قۆناغیكی شیعری كوردی خراونەتە بەردەست و لەلایەكی ترەوە دیاری نەكردنێكی زانستانەو وردی سیماو شەقڵە هونەریەكانی شیعری قۆناغەكە خۆیەتی ، بۆیە بە پێویستمان زانی لەم باسەماندا ئاورێ لەو كێشە ئەدەبیەمان بدەینەوە ، بەو ئامانجەی زانستانە لە ڕادەی شیاویو نەشیاوی بەكارهێنانی زاراوەی (كلاسیكی) بۆ قۆناغێكی شیعری كوردی بكۆڵینەوە و وردترو زانستانەتریش سیماو شەقڵە هونەرییەكانی شیعری ئەو قوناغەی ئەدەبی كوردی دیاری بكەین

واشمان بە پەسەند زانی كە لە ڕوانگەی ئاوردانەوەمان لە شیعری كلاسیكی ئەوروپی بە گشتیو شیعری كلاسیكی ڕۆژهەڵاتی یەوە بەتایبەتی بڕوانینە شیعری كلاسیكی كوردی، هەربۆیە ناونیشانی لێكۆڵینەوەكەمان بەو شێوەیە دیاری كردووەو پلانەكەشمان بەم شێوەیە دارشتووە :

بەشی یەكەم : بە ناونیشانی (زاراوەو چەمكی كلاسیكی)یەو تیایدا و بە پێی ئامانجی لێكولینەوەكەمان بەدووسەرباسی جیا كە بریتین لە ( چەمكی كلاسیكی لە ئەدەبی ئەوروپیدا)و( چەمكی كلاسیكی لە ئەدەبی كوردیدا) ، ئاورمان لەو بۆچوونو تێروانینە گرنگو دیارانەی نووسەران ولێكۆڵەرانی ئەوروپیو كورد كە دەربارەی چەمكی (كلاسیكی) خراونەتە بەردەست ، داوەتەوەو بە پێی پێویست ڕای خۆمان دەربارەیان خستووەتە ڕوو

بەشی دووەمیش كە ناونیشانەكەی (بنەماكانی قۆناغی كلاسیكی)یە ، تەرخان كردووە بۆ سەرنجدان لەو قۆناغە مێژوویی یەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی كە (ڕێبازی كلاسیكی)یان تیا دەركەوتووە ، تا زانستانە ڕادەی جیاوازیو لەیەكچوونی زەمینەی سەرهەڵدانی لە ناو كۆمەڵگا ئەوروپیەكەو ئیسلامیەكەدا دیاری بكەین

لە بەشی سێ یەمیشدا كە ناونیشانەكەی(شەقڵە هونەریەكانی شیعری كلاسیكی كوردی)یە بە ئاوردانەوەمان لە و بۆچوونانەی كە( گۆران )ی شاعیر دەربارەی سیماكانی شیعری كلاسیكی بڵاوی كردووەتەوە ، تێروانینی خۆمان

سەبارەت بە شەقڵە هونەریەکانی شیعری کلاسیکیمان خستووەتە بەردەست ، بایەخدانیشمان لەوێدا بەو باسەی (گوران) بەو هۆیەوە بووە کە تا رادەیەکی زۆر ئاراستەکەری تێروانینی نووسەرا نمان بووە بۆ شیعری کلاسیکی لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە بەردەست کە لێکۆڵینەوەکەمان بەپێی ئامانجو سنوورەکەی توانیویەتی گەڵاڵەیان بکات

بەشی یەکەم : زاراوەو چەمکی کلاسیکی:

وەك ئاشکرایە چەسپاندنی زاراوە لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی دا ، پێویستی یەکی گرنگە و نەك هەر ڕێگای بەردەمی رەخنەگر رۆشن دەکاتەوە بەڵکو دەتوانێ زانستانەش ئەرکەکەی بە جێ بهێنێ ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەلامانەوە زیاتر گرنگە، چەمکی زاراوەکەیە نەك زاراوەکە خۆی ، چونکە بنەمایەك لەو بنەما گرنگانەی کە لێکۆڵینەوە تیۆریەکانی زاراوە سازی دەست نیشانی دەکەن ، بنەمای دەست پێ کردنە لە چەمکەوە نەك لە زاراوەوە ، بەواتایەکی تر پێویستە لە چەمکەوە بگەین بە زاراوەکان نەك بە پێچەونەوە (۱). هەر لێرەوە نەبوونی ئەم بنەمایە لە زووربەی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی بە کارهێنانی زاراوەی ( کلاسیکی ) ئەنجام دراون ، بۆ خۆی دیارترین کەم و کوڕی ئەو باسانەیە (۲) ، جا بە رازی بوون بووبێ لەسەر بەکارهێنانەکەی یاخود بە رازی نەبوون بووبێت ، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تائێستا نەتوانرێ بە تەواوی سیمای ئەو ڕێبازەی شیعری کوردی دیاری بکرێت .

جگە لەو کەم و کوڕی یە ، راستی یەکی تری زانستی زاراوە سازی کەلەو نووسینانەدا فەرامۆش کراوە ئەوەیە کە واتای زاراوەو ئەوچەمکەش کە هەڵیدەگرێت ، لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕڕێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم راستی یە بۆخۆی بنەمایەکی تری گرنگەو ئەرکی دیاری کردنی سیما گشتی و تایبەتی یەکانی پێ دیاری دەکرێ ، بە تایبەتی لە بواری هونەری شیعردا ، کە ئاشکرایە هەڵگری هەردوو سیماکەیە. لێرەدا نامانەوێ باسەکەمان بەرەو باسێکی زاراوەسازی ئاراستە بکەین بەڵکو هەوڵ دەدەین چەمکی زاراوەی کلاسیکی دەست نیشان بکەین و بگەینە ئەو ئەنجامەی کەبەکارهێنانی بۆ ڕێبازێك و بۆ قۆناغێك لە قۆناغەکانی شیعری کوردی نەك هەر لەرووی زانستی یەوە ئاسایی دەبێت، بەڵکو بەهۆیەوە دەتوانرێ بنەڕەتەهونەریە گشتی و تایبەتی یەکانی قۆناغە ئەدەبی یەکەشی پێ دیاری بکەین .

هەر لێرەوە و لەسەرەتاوە باسەکەمان بەرەو سەرنج دان لە چەمکی زاراوەی (کلاسیکی) ئەورووپی مان دەبات کە ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت یەکالای بکەینەوە .

- چەمکی کلاسیکی لە ئەدەبی ئەورووپیدا:

وەك دەرکەوتووە زاراوەی (کلاسیکی) بۆ یەکەم جار لە نووسینەکانی (ئۆڵس گلیس) دا بەکارهاتووە کەنووسەرێکی رۆمانی سەدەی دووەمی زاینی بووەو بۆ ئەو نووسەرە بەکاری هێناوە کەسەر بەچینی کرێکار نەبووە . واتە ( گلیس) بۆ یەکەم جار وشەی (کلاسیك)ی بۆ دەستەکردنی نووسەران بەکارهێناوە ، دوای ئەوەی کەبۆ دابەش کردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵی رۆمانی و بۆ مەبەستی باج وەرگرتن بەکار هێنرابوو ، جابەم واتا نوێیەش لایەنێکی گرنگی چەمکەکەی پێك هێنرا .

له ساڵی (١٥٤٨) ز یشدا و له کتێبی ( هونەری هۆنراوە)ی ( سیبیلێ) دا زاراوەی کلاسیکی بۆ دوونوسەری فەڕەنسی سەدەکانی ناوەڕاست بەکارهێنراوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چەمکی کلاسیکی لەو کاتەدا پەیوەندی نەبووە بە سەردەمە کلاسیکی یە کۆنەکەوە ، واتە بە ئەدەبی (گریکی و لاتینی ) یەوە ، بەڵکو مانای پایە بڵندی گەیاندووەو بۆ ئەوکەسە بەکارهاتووە کەسەر بە دەستەی شاعیرە ناودارەکان بووە ، بەم پێ یە چەمکی (کلاسیکی )وای لێهات نووسەری بلیمەت و گەورەو ئەدەبی بەرز و مەزن بگەیەنێ .

دوای ئەوسەردەمە ، واتایەکی تری زاراوەی( کلاسیکی) کە بەرەبەرە لەئەدەب و رەخنەی ئەورووپی دا چەسپا ، (نووسەرە کۆنەکان) بوو کە بووە واتای هەرە دیاری زاراوەکە (٣).

دەربارەی ئەم واتایەش ( رینیه ویلك ) دەڵێ:(( نازانم چ لێکۆلینەوەیەك ئەو رێگایەی گرتەبەر تا وشەکە واتای کۆنەکانی گەیاند و وای لێ هات مانای یۆنانی و رۆمانی یەکان هەلگرێ ، هەروەها نازانم لە چ لێکۆڵینەوەیەکەوە ئەو ڕێگایەی تیا گیرایە بەر کە ئەدەبی کلاسیکی بە پۆلەکانی قوتابخانەوە ببەستێتەوە )) . (٤)

لە راستیدا زاراوەی (کلاسیك) بەم چەمکەی، واتە (نووسەرانی کۆن ) لەگەڵێ نووسیندا بەدی دەکرێ ، هەروەك لە نووسینێکی ( پۆپ )ی سالی (١٧٣٩) دا دەبینرێ و دەڵێ: (( ئەوکەسەی کەناوبانگی سەدەیەك دەخاێنێ و هەڵەی لابەدی ناکرێت ، ئەوا ئەو نووسەرە بە پێی یاسا کلاسیکی یە )). هەر لە ڕوانگەی ئەم چەمکەشەوە ( جۆرج سۆل)یش دەڵێ : (( ئێمە قەرزارباری نووسەرە گەورەکانمانین ، لە پەخشاندا بێت یان لە شیعردا بێت ، تا رادەیەکیش ئەوان کلاسیکی یەکانی ئێمەن و دەبێ لەو بنەرەتانەوە دەست پێ بکەین کە ئەوان چەسپاندویانە ، بەو پێیەی سازکەرو پاکژکەری زمانەکەمان بوون ))(٥).

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گرنگترین دیاردە کە پەرەی بە چەمکی (کلاسیکی) دا ئەو دەمەتەقێ و گفتوگۆیە بووە کە لە نێوان هەردوو رێبازی( رۆمانسی و کلاسیکی )، لە ئەڵمانیادا ، لە نێوان برایانی ( شلیگڵ ) ەوە دەستی پێ کرد . بەم رەنگە گۆڕانی وشەی کلاسیکی لە زاراوەیەکەوە کە چەشنە بەهایەکی دەگەیاند بۆ زاراوەیەك کەوەسفی رێبازێکی ئەدەبی یا شێوەیەك یا خود قۆناغێکی شێوازی پێ بکرێ ، بۆ خۆی خاڵێکی گەلێك گرنگ بوو لە مێژووی بەکارهێنانی زاراوەکەدا .

زاراوەی رێبازی کلاسیکی ( Classicism ) یش، وەك زاراوەیەك لە زاراوەکانی سەدەی نۆزدە ، بۆ یەکەم جار لە ئیتالیادا لە ساڵی (١٨١٨) و لە ئەڵمانیادا لە ساڵی ( ١٨٢٠) دا و لە فەرەنسادا لە ساڵی (١٨٢٢) داو لە روسیادا لە ساڵی (١٨٣٠) داو لە ئینگلتەرە شدا لە ساڵی (١٨٣٦) دا سەری هەڵدا . بە گشتیش ئەم زاراوەیە لەو وڵاتانەدا ، دەست نیشانی رادەی چاکێتی و چۆنیەتی و رادەی پەیوەندێتی ئەدەبی بە سەدەکانی دێرینەوە پێ دەکراو بۆ سێ ئەدەبی سەربەخۆ بەکارهێنرا کە ئەدەبی فەرەنسی سەدەی حەڤدە و ئەدەبی ئینگلیزی کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای هەژدە و ئەدەبی ئەلمانی دوا ساڵەکانی سەدەی هەژدە بووە ، ئەم سێ جۆرە ئەدەبەش نەك هەر لە کەرەسەو شێوازدا جیاوازییان لە نێواندا هەبووە ، بەڵکو لە رادەو چۆنیەتی پەیوەندی کردنیشیان بە سەدە دێرینەکانەوە جیاواز بوون لە یەکتری .

لێرەدا ئەوەی کە گرنگەو پێویستە سەرنجی بۆ رابکێشرێ ، ئەوەیە کە کۆکردنەوەی ئەو سێ ئەدەبەو لەو قۆناغەدا ، لە ژێر چەمکی (کلاسیکی) دا و هەست کردن بە جیاوازی و سەربەخۆیی و تایبەتێتی هەر یەکێکیشیان لە هەمان کاتدا ، بۆ خۆی تا رادەیەك کێشەی رەسەنایەتی رێبازەکەو لە گەڵیدا رازی بوون و رازی

نەبوون لەسەر بەکارهێنانی زاراوەکەی لایان دروست کرد، هەروەك لە نووسینیکی (جفری) سالی (١٨١١) دا بەدی دەکرێ ، کە بەلایەوە کلاسیکی ئینگلیزی ڤوتابخانەیەکی وەرگیراوو خواستراوی فەرەنسی یە .

( ئەدوارد داون ) یش لە سالی (١٨٧٨) دا دەڵێت : (( ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت بۆ ئەوەی کە ئەدەبەکەمان بەرەو ڕێبازی کلاسیکی بەرن ، هیچ بنەمایەکی نیشتیمانیان نی یە))(٦).

تەنانەت شاعیرو رەخنەگرێکی وەك ( ئلیۆت ) یش رای وا بوو کە لە ئەدەبی ئینگلیزی دا نە سەردەمی کلاسیکی و نە شاعیری کلاسیکی نەبووە(٧).

لەگەڵ هەموو ئەو راو بۆچونانەشدا ، لەم سەردەمەدا، زاراوەی( کلاسیکی) یا (کلاسیکی نوێ) لە کاتی باسکردنی ئەدەبێکی وەك ئەدەبی ئینگلیزی سەدەی هەژدەدا بەکاردەهێنرێ ، ئەمەش لە کاتێکدا کە زاراوەی کلاسیکی دوو سەد ساڵێك لەمەوبەر بەدەگمەن بەکارهاتووە وشاعیرە ئینگلیزەکان خۆیان بەکلاسیکی یان کلاسیکی نوێ ناو نەبردووە ، بەڵکو زیاتر باسیان لە لاسایی کردنەوەی پێشینان یاخود پەیڕەوی کردنی دەستوور کردووە .

بەم ڕەنگە وشەی کلاسیکی لە مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەوروپی دا بووبە زاراوەیەك بۆ ئەو ڕێبازە ئەدەبی یەی کە هەڵگری چەمکە دیارەکانی زاراوەکە بووە ، هەر لە ئەدەبی بەرزو نەمرو لاسایی کردنەوەی پێشینانەوە بیگرە تا ئەو واتا تایبەتی و گشتی یانەش کە هەر میللەتەو بە پێی سیمای تایبەتی و گشتی ئەدەبەکەی پێی بەخشیوە.

- چەمکی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا :

یەکێ لەو ڕێگایانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی میژووی ئەدەبی کوردی خراوەتەبەردەست ، رێگای دابەش کردنی ئەدەبی کوردی یە بەسەر چەند ڕێبازێکی ئەدەبی دا کە (کلاسیکی و رۆمانتیکی و ریالیزمی)ن ، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو ڕێبازانە ئەنجام دراون بە تایبەتی هەردوو ڕێبازە رۆمانتیکی و ریالیزمیەیەکە(٨) ، هەرچی ڕێبازە کلاسیکی یەکەشە ئەوا هێشتا وەك پێویستو بەتەواوی یەکالا نەکراوەتەوە چونکە نووسەرانی کورد پێش هەموو شتێ کەباسیان لە بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی کردبێ و ویستبێتیان بۆ قۆناغێکی شیعری کوردی بەکاری بهێنن ، تەنها لە راونگەی ڕێبازە کلاسیکیە ئەوروپی یەکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و هەوڵیان نەداوە چەمکە گشتی و جیهانی یەکەی ئەو ڕێبازە لە ئەدەبی کوردی دا دیاری بکەن ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کێشەی رازی بوون و رازی نەبوون لەسەر بەکارهێنانی زاراوەکە لەلایەك و دەرنەخستنی سیما گشتی و تایبەتی یەکانی ئەو قۆناغەی شیعری کوردی لەلایەکی ترەوە ، وەك دووکێشەی گرنگ بمێننەوە و رای زانستانەیان دەربارە نەدرێت .

دیارترین نووسەرمان کە رای لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دا نەبووە ، ( دکتۆر کامل البصیر ) بوو ، هەربۆیە بە فراوانی راکانی دەخەینە بەردەست و سەرنجی وردیان لێ دەدەین . هەڵوێستی ( د.کامل )و رازی نەبوونی لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی ، تا رادەیەك، بڕیارێکی تازەبوو لای ، چونکە لەوەو پێشتر نەك هەر رای لەگەڵ بەکارهێنانی دا بووە ، بەڵکو یەکێك بوو لەو نووسەرانەی کە پێشنیاری بەکارهێنانی خستبووە بەردەست ، وەك دەریش دەکەوێ لەم پێشنیارەی دا ( د.کامل ) لە روانگەیەکی ترەوە دەیروانی یە مەسەلەی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی ، نەك لە روانگەی چەمکەکەیەوەچونکە لەو کاتەدا رای وابوو کە (( دەبێ

ڕێبازێكی زانستی له هه‌ڵبژاردنی زاراوه‌ی جیهانی دا بۆ زمانه‌كه‌مان بگرینه‌به‌ر ، بناغه‌كانی ئه‌م ڕێبازه‌ش به‌راورد كردن و هه‌ڵسه‌نگاندنن ، كه‌ده‌بێ له‌ هه‌موو بابه‌ته‌كانی ڕۆشنبیری و زانیاری‌داو له‌به‌ر ڕۆشنایی یاندا ده‌رگای هاتنه‌ ژووره‌وه‌ی زاراوه‌ی جیهانی بۆ دووتوێی زمانه‌كه‌مان بكه‌ینه‌وه‌ ))، هه‌ر له‌ ڕوانگه‌ی ئه‌م بۆچوونه‌شه‌وه‌ پێشنیاری به‌كارهێنانی زاراوه‌ی ( كلاسیزم) ی ده‌كرد (٩).

بێ گومان ئه‌م تێروانینه‌ش كه‌ دوور له‌ چه‌مكی زاراوه‌كه‌وه‌ ئه‌نجام درابوو ، بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ دوای ماوه‌یه‌ك ڕای بگۆڕێ و له‌سه‌ر به‌كارهێنانه‌كه‌ی ڕازی نه‌بێت ، به‌ڵكو پێشنیاری زاراوه‌ی ( پێشین ) بكات له‌ جیاتی زاراوه‌ی ( كلاسیكی )(١٠) .

وه‌ك ده‌رده‌كه‌وێ ، ئه‌م بۆچوونه‌ی (د.كامل ) یش ئاكامی به‌راووردكردنێكی خێرای شه‌قڵه‌ تایبه‌تی یه‌ كانی هه‌ردوو ئه‌ده‌بی ئه‌وروپی و كوردی بووه‌ نه‌ك سیما گشتی یه‌كانیان ، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی دوور له‌چه‌مكی زاراوه‌كه‌وه‌ بڕیاره‌كانی ئه‌نجام داوه‌ ، چونكه‌ به‌لایه‌وه‌ : (( زاراوه‌ی كلاسیكی ئاوه‌ڵناوێكه‌ بۆ ده‌ربرین له‌هۆنراوه‌ی شانۆگه‌ری تراجیدی و كۆمیدی ئه‌وروپی سازكراوه‌ ، ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا هۆنراوه‌ی كوردی ئه‌و چه‌شنه‌ ئه‌ده‌به‌ی تیا به‌دی ناكرێ ))(١١) لێره‌دا و بۆ وه‌ڵام دانه‌وه‌ی ئه‌م تێروانینه‌ی ( د.كامل ) ، پشت به‌ بۆچوونێكی خۆی ده‌به‌ستین كه‌به‌لایه‌وه‌: (( هیچ توێژه‌رێكی پسپۆر ناتوانێ بڵێ زاراوه‌ نیشانه‌یه‌كی بێ گیانه‌ و ڕه‌مزێكی ئامێری‌یه‌و هیچ ئه‌ركێك جگه‌ له‌ مانا بۆ به‌كارهێنراوه‌كه‌ی نابا به‌رێوه‌ )) (١٢) ، كه‌واته‌ بۆ ئه‌ده‌بی كوردیش ده‌كرێ له‌ ڕوانگه‌ی ئه‌و بۆچوونه‌ زانستی یه‌وه‌ مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ زاراوه‌ی (كلاسیكی)شدا دا بكه‌ین و بۆ شیعری كوردی ئه‌و قۆناغه‌ی به‌كاربهێنین ، باجۆری شیعره‌كه‌ش ( لیریكی ) بوو‌بێت و شانۆگه‌ری نه‌بووبێت ، تێروانینێكی تری ( د.كامل) له‌م بواره‌دا ئه‌وه‌یه‌ كه‌ : (( سه‌رچاوه‌ی هۆنراوه‌ له‌ تێروانینی كلاسیكی یه‌وه‌ ، ده‌روونی هه‌ستیاره‌ ، ده‌رونیش به‌ گوێره‌ی فه‌لسه‌فه‌ی ئایدیالیزمی ئغریقی هێزێكی په‌نهانی یه‌ ، ئاده‌میزاد دوور له‌ ویسته‌مه‌نی خۆیه‌وه‌ گیرۆده‌یه‌تی و ناتوانێ خۆی له‌ كه‌مه‌ندی ڕزگار بكات ))(١٣) . ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا (( هه‌ستیاره‌ كورده‌كان ژیانی ڕۆژانه‌ به‌ سه‌رچاوه‌ی به‌رهه‌مه‌كانیان ده‌زانن ))(١٤).

ئه‌م بۆچوونه‌ی ( د.كامل ) لێره‌دا له‌گه‌ڵ بۆچوونێكی تری‌دا ، كه‌ده‌رباره‌ی ڕێبازی كلاسیكی ئه‌وروپی یه‌و له‌ تێڕوانینێكی ( هاردی ) شاعیره‌وه‌ به‌ده‌ستی ده‌هێنێ ، یه‌ك ناگرنه‌وه‌ ، له‌مه‌یاندا و به‌ پێچه‌وانه‌ی بۆچوونه‌كه‌ی پێشتریه‌وه‌ ڕای وایه‌ كه‌ : (( ڕه‌خنه‌گره‌ كلاسیزمه‌كان بیرو ڕایان وایه‌ كه‌ دروست كردنی هۆنراوه‌ به‌ خورپه‌و مه‌یل و ئاره‌زووی سه‌لیقه‌یی وه‌ده‌ست ناهێنرێ ، به‌ڵكو به‌تواناو فێربوون و ڕاهێنان كه‌ ڕێگای زانست و زانیاری‌یه‌ به‌رهه‌می شاكاری سه‌ركه‌وتوو ئه‌نجام ده‌درێ )) (١٥) .

هه‌ر به‌ پێی ئه‌م بۆچوونه‌ش بڕیاێكی پێچه‌وانه‌ی ڕاكانی پێشووتری ده‌رباره‌ی سه‌رچاوه‌ی شیعر له‌ ئه‌ده‌بی كوردی دا ده‌خاته‌ به‌رده‌ست و ده‌ڵێ : (( هۆنراوه‌ ی كوردی له‌گه‌ڵ هۆنراوه‌ی كلاسیزمی ئه‌وروپی دا له‌مه‌سه‌له‌ی فێربوون و سه‌لیقه‌ت دا ئاسمان و ڕێسمانن و هه‌ستیاره‌ دێرینه‌ كورده‌كان به‌زۆری بروایان به‌ فێربوون وه‌ك ڕێگایه‌ك بۆ وه‌ده‌ست هێنانی هۆنراوه‌ نه‌بووه‌ )) (١٦) .

وه‌ك ده‌رده‌كه‌وێ ئه‌م دوو بۆچوونه‌ جیاوازه‌ی ( د.كامل ) بۆ خۆیان به‌رامبه‌ر یه‌ك ده‌وه‌ستن و هه‌ریه‌كه‌ ئه‌وی تریان ڕه‌ت ده‌كاته‌وه‌ ، به‌گشتیش ڕای شاعیره‌ كلاسیكی یه‌كانمان له‌م لایه‌نه‌دا كه‌ (د. كامل) پشتی پێ به‌ستوون ، بۆخۆیان هه‌ر هه‌مان ڕاو بۆچوونی شاعیران و ڕه‌خنه‌گرانی كلاسیكی میلله‌تانی تریش بووه‌ ، به‌واتایه‌كی تر چ بۆ ئه‌ده‌بی جیهانی بێت و چ بۆ ئه‌ده‌بی كوردیش بێت ، له‌م لایه‌نه‌دا ده‌توانرێ هه‌ر هه‌مان ڕای

( هۆراس ) ی رۆمانی بهێنینەوە یاد کە دەڵێ : ( ئەوەندەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە بۆم ساغ نەبۆتەوە کە ئایا خوێندن بە بێ شنەی زۆر و زەبەندی بەهرەی زگماك یاخود بەهرەی زگماك بەبێ خوێندن چ بەروبومێکیان ئەبێت ، هەریەکەیان زۆر پێویستی بەوی تریان هەیەو پەیمانی دۆستایەتی یەکی بەردەوامی پێ ئەدات ) (١٧)، هەر هەمان بۆچونی (هۆراس ) یش راستەوخۆ لای شاعیرێکی هاوچەرخی وەك ( نازك الملائکە ) ش دووبارە بەدی دەکرێ ، ئەمە جگە لەوەی کە هەردوو زاراوەی ( طبع و صنعەت ) لە رەخنەی دێرینی رۆژهەڵاتی دا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ ، جا بۆیە دەکرێ ئەم لایەنە بۆخۆی ببێتە خاڵی نزیك بوونەوەی شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری کلاسیکی جیهانی ، نەك خاڵی لێك ترازان .

هەر لە روانگەی ئەو تێڕوانینانەوە (د.کامل) بە پێی بنەرەتێك لە بنەرەتەکانی رێبازی کلاسیکی ئەوروپی کە (عەقڵ)ە ، نەشیاوی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دەچەسپێنێ و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە رەخنەگرە کلاسیکیە ئەوروپی یەکان : (( لەبەر تیشکی دا دەرفەت بە هەستیار نادەن کە عەقڵ و هۆشمەندی فەرامۆش بکەن و بەبێ سنوور رێگای ئەندێشە بگرنە بەر و وێنەی هونەری ناماقوڵ ساز بکەن )) ، بەڵام هەرچی شیعری دێرینی کوردی یە ئەوا : (( لەبەرهەمی ئەندێشەیی بێ سنوورو خەیاڵی دەست کرد جمەیان دێت و بە دەگمەن لەناو شەپۆلەکانیاندا دێرێك بەرچاو دەکەوێ کە بەزمانی ئەو هێزە نا هۆشمەندیە نەرازێنرابێتەوە ))(١٨) .

لە راستی دا و پێش هەموو شتێ بنەرەتی (عەقڵ ) لە تێڕوانینی کلاسیکی ئەوروپی دا و هەر وەك بە ئاشکرا لای ( ئەرستۆ ) و لای ( هۆراس )یش بەدی دەکرێ ، پەیوەندی بە روداوەوە هەبووە و هەروەك (د.کامل ) خۆی سەرنجی بۆ رادەکێشێ ( مانیزم ) : (( باوەڕو ئەقڵ و هۆشمەندی هەستیارە کە هەست دەکات بابەتی هۆنراوەکەی دەشێ رۆژێك لە رۆژان و لە شوێنێکدا رووبدات )) (١٩) . بۆیە بەلای ئێمەوە کە پەیوەندیەکەشی لەگەڵ ئەندێشەدا دیاری دەکرێ ، دەبێ باس لەو رووداوو بابەتانە بکرێ کە ئەو ئەندێشەیە دەیچنن ، نەك ئەو وێنە هونەریانەی کە لە شیعری لیریکی دا دەبینرێن و بنیاتنراوی ئەندیشەیەکن کە جوانی سازە . سەرەرای هەموو ئەمانەش لە لای کلاسیکی یە ئەوروپی یەکانیش ( ئەندێشە ) هێزێکی نا هۆشمەندی نەبووە ، وەك ( د.کامل ) هێمای بۆ دەکات ، چونکە بەلای (ئەرستۆ) وە و کاتێ دەیەوێ جیاوازی نێوان شیعرو مێژوو دیاری بکات ، بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو رووداوانەی ئەندێشە ئەنجامی دەدەن دەبێ شیاوبنو بە پێی ( زەروورەت و ئیحتیمال ) سازدرابن (٢٠) ، تەنانەت لە قۆناغە کلاسیکی یە ئەوروپیەکەشدا دانانی فەلسەفەی ( دیکارت ) بە سەرەتای رێبازی کلاسیکی و ناساندنی سەدەی حەفدە و هەژدە بە ( سەدەی ئەقڵ ) نەبۆتە دیاردەیەکی ئەوتۆی بەربلاو ، کە هەرچی بەرهەمی ئەو قۆناغەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئەقڵدا کۆبکرێتەوە چونکە هەر لە فەرەنسادا ( دیکارت ) نەیتوانی کاربکاتە سەر ( لارۆ شفکۆ ) و ( مۆلێر) و ( راسین) و ( مەدام دی سیفینی ) ، ئەو کارتێ کردنە تەنها لەسەر فەیلەسوفەکان و لەسەر هەندێ لەو کەسانە بووە کە دەربارەی کلاسیکی دەدوان (٢١) .

جگە لەمانەش ، ئەو چەشنە بەراوردکردنەی نێوان شیعری کلاسیکی ئەورووپی و شیعری کلاسیکی کوردی لە روانگەی (ئەقڵ)ەوە ، بەراووردکردنێکی نابەجێیە و هەرگیز نابێتە بەڵگەی نەشیاوی زاراوەی کلاسیکی ، چونکە ئەگەر لە روانگەی بنەرەتی ئەقلیشەوە بەراوورد بکرێن ، ئەوا ئەندێشە وەك رەگەزێکی کاریگەری هێنان و بە گوێرەی چەشنی ئەدەبی ، نابێتە تەوەری بەراوردەکە ، هەرچی بنەرەتی ئەقڵ و هۆشمەندیشە ، بە چەمکە گشتی یەکەی ، ئەوا هیچ کاتێ شیعری کلاسیکی کوردیمان لێ ی بێ بەش نەبووە ، چونکە هەروەك (د. علی جواد

تاهر) دەربارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی بۆی دەچێت و بۆخۆی بۆ شیعری کلاسیکی کوردیش دەست دەدات و دەڵێ :(( بنەمای شیعری لیریکی عەرەبی سۆزە ، بەمەش پایە بەرز بووە ، چی بەو شیعرانە دەڵێیت کە ئەقڵی بەسەرا زاڵە وەکو شیعرەکانی ( متنبی و ابو علا ) ، دەڵێی شیعرێکی لیریکی یە، باسۆزێکی بێ هێزیشی هەبێت ))(٢٢) .

هەر بە پێ ی ئەم جۆرە بەراووردکردنەو لە روانگەی زمانی شیعرەوە (د.کامل) هەوڵ دەدات نەشیاوی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی جارێکی تر بخاتە روو . بەلای ( د.کامل)ەوە : (( رێبازی کلاسیزم لە زمانی هەلبەستدا تا رادەیەکی زۆر رازاندنەوە بە هونەرەکانی رەوانبێژی فەرامۆش دەکات ئەمە لەکاتێکدا زمانی هەڵبەستە دێرینەکانمان بەو پەڕی وردی یەوە هۆنەرەکانیان پەیرەوی زانستی واتا و زانستی رەوانبێژی و زانستی جوانکاری دەکەن و هەریەکەیان خۆی بە شاسواری ئەم مەیدانە دەزانێ و هەوڵ دەدات کە هەمیشە بە وشەسازی و سنعەت کاری پێشرەوی هاو هونەرەکانی بێت ))(٢٣).

پێش هەموو شتێ لێرەدا ( د.کامل) ئەوەی لە یاد دەچێت کەبەراووردی دوو جۆرە شیعر دەکات کە شیعری شانۆگەری و شیعری لیریکی یە ، جگە لەوەش رێبازەکلاسیکی یە ئەوروپی یەکەش بە هیچ جۆرێ هونەرەکانی رەوانبیژی و زانستی جوانکاری یان فەرامۆش نەکردووە ، تەنانەت لە تراجیدیاکانیشیاندا . ئەوەی لەم رووەوە جێگای گومان نی یە ئەوەیە کەرەخنەگرانی رێبازی کلاسیکی ئەوروپی ، هەرلە ئەرستۆ و هۆراسەوە بیگرە تا دەگاتە ( بوالو ) ی فەرەنسی بۆ خۆیان لە روانگەی جۆرەکانی ئەدەبەوە مامەڵەیان لەگەڵ زمانی شیعردا کردووەو بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەب ، پێشنیاری شێوازی دیاری کراویانکردووە، وەك ئەوەی دەبوایە لە تراجیدیادا وشەو دەربرینەکان شێوازێکی بەرزو بەهاداریان ببوایە ، بەلام کۆمیدیا پێویستی بەو شێوازە بەرزە نەبووە و وشەو دەربرینی ئاسایی و زمانێکی سادە و ساکاری هەڵبژاردووە . ئەوەتا لەم رووەوە ( ریفارول ) ی فەرەنسی کە یەکێك بووە لە پشت گیری کەرانی کلاسیکی دەڵێت : (( دابەش کردنی شێواز لە زمانەکەماندا وەك دابەش کردنی هاوولاتیان وایە بەسەر کۆمەڵ چین دا لە رژێمێکی پاشایەتیدا ، ئەو دوو دەربرینەی کەبۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن ، لە جێگا و مەقامێکدا ، نابنە هاوتای یەکتری و ئەو مەبەستە ناگەیەنن ، بەهۆی ئەم دابەش کردنە چینایەتی یەی شێوازیشەوە چێژی دروست دەتوانێ رێگای خۆی بدۆزێتەوە ))(٢٤). بەم چەشنە گرنگی دان بەزمان و شێوازی دەربرین لە بابەتێکی وەك تراجیدیادا ، بۆ خۆی دەستورو یاسایەکی چەسپاوی ئەو رێبازە بووە و کار گەیشتۆتە رادەیەك کە (( شێوازە رەوانبێژی یەکان بەهۆی زۆری بەکارهێنانیانەوە بسوێن .... زووربەی ئەو شێوازانەش شێوازی لاسایی کاربوون و نووسەرانی کلاسیکی لەهەردوو ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی یەوە بۆیان مابووەوە و وەك کەلەپورێکی رۆشنبیری پەنایان بۆ دەبرد ، هەروەك ئەوەی پەنابەرنە بەر کۆمەڵ وشە لە فەرهەنگێکی کۆندا ))(٢٥) . لێرەدا تەنها ئەو باری سەرنجە دەخەینە بەردەست کەبەئاسانی دەتوانین هەمان دیاردەش لە شیعری کلاسیکی کوردیشدا بەدی بکەین و ئەوە بسەلمێنین کە شێوازە رەوانبێژی‌یەکانی شیعری کلاسیکی رۆژهەلات بەگشتی وشیعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی ، بە بەهەمان دەستووری رێبازە کلاسیکی یەکەی ئەوروپا ، بووبوونە دیاردەیەکی لاسایی کارو کەلەپورێکی رۆشنبیری بۆ شاعیران و بەردەوام لەو کەلەپورەوە وێنە هونەریەکانیان هەڵدەهێنجا ، بۆیە دەکرێ وەك دیاردەیەکی لێك نزیك بوونەوە تێ ی بروانرێ نەك وەك لایەنی لێك دابڕان .

وەك وتمان ( د.کامل ) دیارترین نووسەرمان بووە کە رای لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دا نەبووە و بەلایەوە شەقڵە گشتی و تایبەتی یەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و ڕێبازی کلاسیکی ئەورووپی گەلێ لێك جیاوازن و ناتوانرێ یەك بخرێن ، لەگەڵ ئەم رایەشدا گەلێ نووسەرو لێکۆڵەری کورد راستەوخۆ زاراوەی کلاسیکی یان بەکارهێناوەو وەك ڕێباز مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەودایەیان لەبەردەمی خویاندا نەکردووەتەوە تا بەتەواوی سیماو شەقڵەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بخەنە بەردەست ، چونکە تێروانینەکانیان لەزۆر لایەندا سەرپێ یی بووە و زانستانە ئەنجام نەدراوە . ئاکامی ئەمەش ، لەلایەك ئەوە بووە کە بنەرەتی زانستانە لەپێشنیارکردنی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دابماڵێ و نەگەنە ئەنجام ، لەلایەکی ترەوە پرسیارکردن لە بنەماکانی ڕێبازی کلاسیکی کوردی هەر لەئارادا بمێنێتەوە، ئەمەش بەئاشکرا لەو دیدارەدا بەدی دەکرێ کەکاتی خۆی بۆ شیعری کلاسیکی کوردی ئامادە کراو ژمارەیەك باس و لێکۆلینەوەی تیادا پێشکەش کرا ، لەوێدا (محمدی مەلا کەریم ) پێشنیاری ئەوە دەکات کە لێکۆڵینەوە لە شیعری کلاسیکی کوردی پێویستی بەوە هەیە کەبزانین مواسەفاتی لای ئێمە چۆنەو ئەم مواسەفاتانە لە شیعری کێدا یەتەدی و لە هی کێ دا نایەتەدی . ( کامەران )ی شاعیریش رای وابووە کە تائێستا بەتەواوی دەست نیشانی ئەوە نەکراوەکە سفەتەکانی کلاسیکی بدەین بەکام دەق . تەنانەت (د.کامل) یش رای وابووە کە دیدارەکە لەو جۆرەباسانەی تێدا نەبووە کە تایبەتی یەکانی شیعری کلاسیکی کوردی شی بکاتەوە . لەگەل ئەوەشدا ،یەکێ لەو لێکۆڵینەوانەی کەلەو دیدارەدا سەرنج رادەکێشێ ، لێکۆڵینەوەکەی ( کەمال میراودەلی ) یە چونکە هەوڵ دەدات لە روانگەی هەندێ لە چەمکە دیارەکانی کلاسیکی یەوە سیماو تایبەتێتی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی دەست نیشان بکات ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە سەرنجەکانی وای لە لێکۆڵینەوەکە کردووە کە نەتوانێ بەتەواوی شەقڵە دیارەکانی هۆنراوەی کلاسیکی بخاتە بەردەست بەتایبەتی دوا سەرنجی کە دەڵێ :(( لە شیعری کلاسیکی دا نامۆیی یەك لە نێوان مرۆڤ و کارەکەیدا دروست دەبێت ، کارەکە شوێن پەنجەی هونەرمەندەکە هەڵدەگرێت ، زیرەکی ئەو نیشان دەدات ، بەلاّم خۆی وەك مرۆڤ ساغ ناچێتە ناو کارەکەیەوە ، هەست و سۆزی گەرم و گوڕو راستەقینەی مرۆڤایەتی بەسەر ڕوویا ڕەنگ نادەنەوە )).(٢٦)

ئەم تێبینی یەی ( کەمال میراودەلی ) ئەگەر گشتیش بێت ، ئەوا لە جێگای خۆیدا نی یەو ئەوە دەردەخەن کەبەتەواوی ناتوانی شەقڵە گشتی و تایبەتی یەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دیاری بکات ، چونکە شیعری ڕەسەن هیچ کاتێ بە خاوەنەکەی نامۆ نابێت و لەهەست و سۆزی راستەقینەی مرۆڤایەتیش بێ بەش نابێت ،جا با ئەو هەستو سوزەش تەنها جوانی بێت ، ئەمە جگە لەوەی کە کلاسیکی بۆخۆی چ لای ئێمە بووبێت یاخود لای ئەورووپی یەکان و میللەتانی تر بووبێت هەڵگری بەها مرۆڤایەتی یەکانن و ئەو هەست و تێڕوانینە مرۆڤایەتی یانە بوونەتە بنەڕەتێك لە بنەڕەتە گرنگەکانی (٢٧)، تەنانەت خاسیەتێکی هەرە دیاری ڕێبازە کلاسیکی یە ئەورووپی یەکە ، خاسیەتی گەرانە بەدوای راستی یەکانی دەروونی مرۆڤایەتی دا و بەلاشیانەوە ئەو راستیانە بۆخۆیان هەڵێنجراوی تاقیکردنەوە خودی و کەسی یەکانی شاعیرن ، وەك ئەوەی شکست هێنانی (مۆلێر ) لە ژیانی خێزانی دا بووە هۆی ئەوەی کە سەرکەوتووانە باس لە پیاوی هەڵخەڵەتێنراو بکات و زۆری ئافرەتەکانی ژیانی ( راسین ) یش وای لێ کردووە کە فولتر باس لە خۆشەویستی و دڵداری بکات (٢٨) ، ئەمە سەربای ئەوەی کە ئەم دوا بۆچوونەی ( کەمال میراودەلی) کاتێ دەخرێتە بەر دەست کە خۆی باش ئەوە دەزانێت کە سنعەتکاری نەیتوانیوە : (( ڕێگا لەوە بگرێ کە جارجارە شاعیر تووشی تاقیکردنەوەیەکی خۆیی بەهێز بێت

و به راست گۆیی و دڵسۆزی یەوە ئەو تاقیکردنەوەیە دەربڕێ ، بە جۆرێك کەرەگەزی موعانات بەسەر رەگەزی سەنعەتکاری دا زاڵ بێت و هۆنراوەکە توانای ئەوەی هەبێت خوێندەوار بهەژێنێت، نمونەی ئەو جۆرە شیعرانەمان لە ئەدەبیاتی کوردی دا گەلێك زۆرن کە هەستی راستگۆیی و سۆزی ئینسانی قوڵیان تیا بەدی دەکرێت )) (٢٩) . بێگومان ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازەی ( کەمال میراودەلی ) ئەنجامی تێڕوانینێکی دوولایەنی یە لە بنیاتی شیعر ، ئەگینا بۆ دەبێت بوونی موعانات ڕەگەزی سنعەتکاری کز بکات و زاڵ بێت بەسەری دا ئەوسا بە ڕاستگۆ دابنرێ و بەمەش خوێنەر بهەژێنێ ، ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە شیعری رەسەن تۆوی لە دایك بوونەکەی تاقیکردنەوەی شاعیرە ، هەروەك ئەو تاقیکردنەوەیەو ئەو سۆزش کەبەرپای دەکات بە وێنەی هونەری گونجاو دەردەبڕڕێ کە بۆ خۆیان زمانی ئەندێشەی شاعیرن . شیعری کلاسیکی کوردیشمان لەم لایەنەدا و هەروەك ( کەمال میراودەلی)خۆی دەڵێت ، گەلێ زۆرن ، کەواتە دەبێت وەك چەمکێکی کلاسیکی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و وەك سیمایەك لە سیما گشتی یەکانی تێ ی بڕوانین کە دەتوانێ بیبەستێتەوە بە ڕێبازە کلاسیکی یە جیهانی یەکەوە .

وەك ئاشکرایە بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردی دا ، بۆ قۆناغێك لە قۆناغەکانی شیعری هونەری بووە ، ئەو قۆناغەش هەر لەسەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی یەوە دەست پێ دەکات تادەووروبەری جەنگی جیهانی یەکەم ، بەم پێیە زاراوەکە بۆ کۆنترین ڕێبازو قۆناغ لە ئەدەبی کوردی دا بەکارهێنراوە و بەرهەمی ئەو قۆناغەش شیعر بووە نەك پەخشان .

دیارترین کێشەش کە دەربارەی ئەم دیاری کردنە لە ئارادا بووبێت ، کێشەی سەردەمە مێژوویی یەکەیەتی ، ئەم کێشەیەش بۆخۆی ئەنجامی ئەو تێروانینە بووە کە هەندێ شاعیری کورد لەو قۆناغە مێژوویی یەدا هەڵگری کۆمەڵێ شەقڵی تایبەتی بوون کە جیا بووە لەو شەقڵانەی کەلە شیعری شاعیرانی تری ئەو قۆناغەدا بەدی کراوە ، هەروەك ( لوسی پول مارگریت ) و ( کامەران بەدرخان ) بۆی چوون و رایان وابووە کە : (( بە دەرکەوتنی مراد خان لە سەدەی هەژدەدا دەوری کلاسیکی لە هۆنراوەی کوردی دا کۆتایی دێت ، هەروەها حاجی قادر و شێخ ڕەزاو ژمارەیەکی زۆری تری شاعیرانی سەدەی نۆزدە شێوازی رۆمانیکی و رەمزیان سەر لەنوێ خستە ڕوو))(٣٠) .

بێگومان ئەم بۆچوونە جیاوازانەش کەدەربارەی سەردەم و قۆناغی کلاسیکی دەخرێتە ڕوو گەلێ ئاسایی یەو نابنە مایەی رەتکردنەوەی ڕێبازەکە خۆی . ئەم جۆرە کێشەیە لە ئەدەبی ئەوروپی و لە ڕێبازە کلاسیکی یە کەیاندابە ئاشکرا بە دی دەکرێت ، ئەوەتا ئەڵمانەکان تائێستاش شەش نووسەری خۆیان هەر بە کلاسیکی ناو دەبەن کە ئەوانیش ( گلۆپشتۆك ، لسنخ ، فیلاند ، هیردەر ، گۆتە ، شیلەر ) ن ، لە کاتێکدا کە جیاوازی یەکی تەواو ئاشکراش لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ ، چونکە دووانیان کە ( گلۆپشتۆك و هێردەر )ن زیاتر لە رۆمانتیکەکان نزیك دەبنەوە ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو چ ( هیردەر ) بووبێت چ ئەوانەی تر بووبن کە شیعرەکانیان بە سەرەتای رۆمانتیکی دادەنرێن ، هێشتا هەر بە کلاسیکی ناویان بردوون و لە سنوورو چوارچێوەی ڕێبازە کلاسیکی یەکە دەریان نەهێناون .

جا بۆ ئەدەبی کوردییش بوونی کۆمەڵە بەرهەمێکی شیعریی کە هەڵگری هەندێ سیمای تایبەتی بن ، نابنە هۆی ئەوەی کە شاعیرەکەو سەردەمی بەرهەمەکەی لە سنوورو چوار چێوەی ڕێبازەکە دەربهێنن ، بەڵکو وەك تایبەتی یەك لە تایبەتی یە کانی ئەو شاعیرە خۆی و لەناو چوار چێوەی تایبەتی یە کانی کلاسیکی کوردی دا

کە بەشێك بووە لە شیعری کلاسیکی رۆژهەڵاتی تێ دەروانین ، بەمەش زیاتر دەتوانین سیما گشتی و شەقڵە تایبەتی یەکانی ئەو رێبازە و شیعری شاعیرانی سەر بەو رێبازە دیاری بکەین .

کۆنترین لێکۆڵینەوە کە زاراوەی کلاسیکی بۆ رێبازێك لە رێبازەکانی هۆنراوەی کوردی بەکارهێنابێت و لەبەر دەستماندا بێت ، لێکۆڵینەوەیەکە لە ساڵی (١٩٣٤) دا بە ناوی (پ...)ەوە بڵاو کراوەتەوە (٣٢) . لەو لێکۆڵینەوەیەدا نووسەر دوو جۆر بەرهەمی ئەدەبی دیاری دەکات ، جۆرێکیان بە ئەدەبی عەوام ناودەبات و دەڵێت : (( ئەدەبیاتی ئەم تەبەقەیە تەنیا عبارەت نەبووە لە ( بەیت نووسی) ، زۆر غەزەل و مەنزومەی دڵداری ، سەرخۆشی و سائیرەشیان هەیە ، لەم مەیدانەدا لەسەرەتای عەسری نۆزدەمین دا بەعزێ شاعیری مەوزوون و رەوانیان تیا هەڵکەوتووە کە ئەکسەری شعرەکانیان بە لەبەر کردن بۆ ئێمە ماوەتەوە ، ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە، وەلی دێوانە ، عەولای حەسەن ، لەم رێگایەدا زۆر شتی جوانیان بە جێ هێشتووە )). جگە لەو شاعیرانەی کەسەر بەو چەشنە ئەدەبەیان دادەنێت ، ئەم نووسەرە ، مەولەویش دەخاتە ریزیان و دەربارەی دەڵێت : (( لە ناوەراستی عەسری نۆزدەمین دا شاعیرێکی گەورەی کورد ( مەلا عبدالرحیم مەولەوی ) ئەم تەرزی شیعرەی ژیاندۆتەوە ، بەلەهجەی هەورامی لەم تەرزە گەلێ شیعری جوانی نووسی ،ئەم شاعیرە کوردە پەتی یە حسیات و خەیاڵاتی ئەوەندە بەرز و وردە ئینسان بێ ئیختیار ئەڵێ ، پێش وەختی خۆی کەوتووە ، لە موحیتێکدا هەڵکەوتووە کە بە نسبەت ئەوەوە پەست و تەنگ بووە )). لێرەدا ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ، تێروانینی ئەو نووسەرەیە کە دەربارەی ( مەولەوی ) دەیخاتە بەردەست و بۆخۆی تێروانینێکە و لە سنوورو چوارچێوەی ئەو چەشنە ئەدەبەدا ئەنجام دراوە کەبۆی دیاری کردووەو بەئەدەبی (عەوام) ناوی دەبات ، لەگەڵ ئەوەشدا بەلایەوە پیش وەختی خۆی کەوتووە ، هەر ئەم تێروانینەشە کەلە لێکۆڵینەوەی نووسەرانی دواتردا بەدی دەکرێت و هەندێکیان لە رۆمانتیکی نزیك دەخەنەوە.

جۆرەکەی تری ئەدەبی کوردی بەلای ئەم نووسەرەوە ، ئەدەبی دەستەی روناکبیران بووەو دەربارەی دەڵێ : (( پاش موددەتێك و دوای ئەوەی کەبەشی عەوام و خەڵق بۆ خۆیان ئەدەبیاتێکی نەزمی – چەنکە مع الاسف هەتا عەسری بیستەمین ئەستێرەی نەسرمان هەرکزبوو – رێك و رەوانی دامەزراند و لەو مەیدانەدازۆر شاسوار و شاکار هەڵکەوت ، بەشی عولەماو مونەوەرانیش روویان کردەوە لای سەقافەتی کوردو رابووردووی خۆیان هاتەوە بیروئایندەیان خستە بەر چاو . ئەمە لە عەسری هەژدەمین و نۆزەمین دا بووە ئیدارەی حکومەتی بابان بۆ ئەم بوژاندنەوەی سەقافەتی کوردە تەئسیرێکی موهمی هەبووە ، جا ئەگەر بۆ ئەدەبیاتی کوردی دەورو ئاساری کلاسیك قبوڵ بکرێت بێگومان ئاسار و شعری ئەم چەرخە ئەدەبیاتی کلاسیکی کورد تەشکیل ئەکات )).

وەك دەردەکەوێ نووسەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ئاوڕی لەشاعیرانی سەربە زاری گۆران و شاعیرانی کرمانجی خوارووا داوەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەست نیشان کردنی سروشتی قۆناغ و رێبازی کلاسیکی لە شیعری کوردیدا ، بەوەی کەبەرهەمی روناکبیرانی سەردەمەکەبووە ، تێروانینێکی زیرەکانەی وردە و لەلێکۆڵینەوە زانستی یەکانی دواتردا هەر هەمان تێڕوانین دەخرێتە بەردەست تەنانەت لە لایەن لیکولەریکی وەك(د.کامل بەسیر)یشەوە ، هیندە هەبوو کە بەلایەوە : (( ئەو دیاردە و سیمایانەی کەلەقۆناغێکی ئەدەبی ئەوروپی دا بەدی دەکرێ و زاراوەی کلاسیکی بۆ بەکار دەهێنرێ ، لە ئەدەبی کوردی دا و بەتایبەتی لە ئەدەبی دێرینماندا بەدی ناکرێ ئەو زاراوەیەی بۆ بەکاربهێنرێ )) (٣٣) .

بێگومان هەمان راش دەربارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی لەلای نووسەریکی وەك ( د. محمد غنیمی هلال )یش بەدی دەکرێ و بەلای ئەمیشەوە : (( ئەو رێبازە ئەدەبی یانەی کەلە ئەدەبی ئەورووپی دا بەدی دەکرێ لە ئەدەبی کۆنی عەرەبی دا و بەو مانایانەی کەباسکراون بەرچاو ناکەون ))(٣٤). لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لە رەخنەگرە هاوچەرخەکانی ئەدەبی عەرەبی لە پاڵ وشەی (کۆن)بۆ شیعری پێش سەدەی نۆزدەیان زاراوەی (کلاسیك)بەکاردەهێنن‌و ئەو قوتابخانە ئەدەبی‌یەی نیوەی دووەمی سەدەی نوزدەش کە بە (الاحیائیە)ناوی دەبەن ، زاراوەی(کلاسیك)و (کلاسیکی نوێ)شی بۆ بەکاردەهێنن‌و شاعرانی وەك (البارودی‌و حافز ابراهیم و تەنانەت احمد شوقی ) بە کلاسیك‌و کلاسیکی نوێ ناودەبەن ، ئەمە سەر باری ئەو تێروانینەی هەندێ لە رەخنەگرانیان کە پێیان وایە زۆرجار رای سەرپێیی‌و نادروست دەربارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دراوەو بە قوتابخانەیەکی چەق بەستوی لاسایی کەرەوەو شوێن پێ هەڵگرێکی نەشارەزا کە خۆی لە چوارچێوەی کلتوردا هێشتووەتەوە ، ناسێنراوە، بە تایبەتی لەلایەن نووسەرانی دیاری وەك (العقادو تەها حسین‌و زکی مبارك)ەوە (٣٥)

هەرچی دەربارەی (ئەدەبی فارسی)شە ئەوا لای ئەوانیش و لە رەخنەی هاوچەرخیاندا ، لەگەڵ زاراوەی (کۆن)دا زاراوەی( کلاسیکی)ش بەربڵاوانە بەکاردەهێنن‌و تەنانەت هەندێکیان شیعری فارسی لە دوو قۆناغدا دەبینن کە (کلاسیك)و(نوێ)یە ، مەبەستیشیان لە (نوێ) کە ئەو رێچکەیەیە کە شاعیرانی وەك(نیما یوشیج‌و احمد شاملو)کردیانەوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی لای ئەمانیش ئەو تێروانینە دەبینرێ کە شاعیرانی (نوێ)یان رەهایانە شیعری (کلاسیکی) فارسییان رەت کردووەتەوەو شاعیرێکی وەك (مهدی اخوان ثالث)یان راشکاوانە ئەوەی خستووەتە بەر دەست کە ((ناشێ ناوی شیعر لە سەدا نەوەد و پێنجی ئەو دیوانانە بنرێ کە شاعیرانی وەك (عنصری‌و فرخی‌و انوری‌و خاقانی وهتد.....)بۆیان بەجێ هێشتوین)) (٣٦) ، بێگومان لە ئەدەبی کوردیشماندا هەمان رەت کردنەوە و بێ بەها کردنی شیعری کلاسیکی کوردی ، لەلای نووسەرێکی سەرەتای سی‌یەکانی سەدەی رابردوو کە (سیاپوش)ە ، بە روونی دەبینرێ(٣٧)

ئەم بۆچوونانەو لە گەڵیدا پرسیارکردن لە رادەو چۆنیەتی بوونی قۆناغ و سەردەمێکی وەك ئەو قۆناغە ئەدەبی یە ئەورووپی یەی کە رێبازی کلاسیکی تیادا خەملێ ، لە ئەدەبی عەرەبی‌وفارسیدا بە گشتی‌و لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی‌و بنەما هونەریەکانی قۆناغ‌و سەردەمەکە ش، ناچارمان دەکەن کە بە پێی سنوورو مەودای باسەکە ئاورێ لەو قۆناغەی شیعری کوردی بدەینەوەو بنەما گشتی یەکانی دیاری بکەین ، بە تایبەتی ئەو بنەمایانەی کەتوانیان رێبازێکی تا رادەیەك هاوشیوەی رێبازە کلاسیکی یە ئەورووپی یەکە پێك بهێنن.

**بەشی دووەم : بنەماکانی قۆناغی کلاسیکی :**

لەسەرەتای ئەم باسەدا دەبێ ئەو راستی یە بهێنینەوە یاد کە شیعری کلاسیکی کوردی، بەشێکە لە شیعری کلاسیکی میللەتە موسلمانەکانی رۆژهەلات و راستەوخۆ پەیوەندی یەکی پتەوی بە ئەدەبی میللەتە موسلمانەکانی رۆژهەڵاتەوە هەبووە ، بەتایبەتیش هەردوو ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی و فارسی کە دیارترین ئەدەبی رۆژهەڵاتی بوون ، چونکە ئەم راستی یە بۆخۆی ، راستی یەکی ترمان دەخاتە بەدەست ، ئەویش ئەوەیە کەبنەما مێژووییەکانی سەردەمەکەو رەوشی قۆناغە مێژووییەکەی شیعری کلاسیکی ئەو دوومیللەتە و پێك هێنانی رێبازێکی وەك رێبازە کلاسیکی یە ئەوروپی یەکە لەسایەیاندا دەبنە بەشێکی گرنگی بنەرەت و بنەماکانی قۆناغی رێبازە کلاسیکی یە کوردی یەکەش ، کەواتە دەتوانین بڵێین ، کە ئەگەر ئەو بنەما ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریانەی کە رێبازە کلاسیکی یە ئەوروپی یەکەیان سازداوە ، دەقاو دەق و بە هەموو سوچ و لایەنەکانیانەوە لە کۆمەلگای کوردەواری ئەو قۆناغەدا بەدی نەکرێ ئەوا گەلێ لەو بنەمایانە بۆ خۆیان لە کۆمەلگا ئیسلامی یە رۆژهەڵاتی یەکەدا ، رەنگیان داوەتەوەو توانیویانە زەمینەیەکی وەك ئەو زەمینەیە پێك بهێنن کەلە ئەوروپای رۆژئاوادا رێبازی کلاسیکی لەسەر چەکەرە کرد .

دیاریشە کە دیاری کردنی ئەو زەمینەیەو لە گەڵیدا دەست نیشان کردنی بنەماکانی قۆناغی کلاسیکی رۆژهەڵاتی ، نەك هەر راستی بوونی رێبازی کلاسیکی دەردەخات ، بەڵکو زانستانەش دەتوانێ بوونی ئەو رێبازە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیشدا بسەلمێنێ ، با هەندێ لە رەخنەگرەکانیشیان نەیانتوانیبێ پەی پێ بەرن یاخود بە مەبەست چاویان لێ پۆشیبێ.

ئاشکرایە کە سیماو دیاردە دیارەکانی ئەو قۆناغەی کە رێبازی کلاسیکی ئەوروپی تیا دا ئەنجام درا ، ئاکامی ئەو گۆڕانکاری یە مەزنانە بووە کە لە( سەردەمی راپەرین ) دا سەرتاپای ئەوروپای رۆژئاوای گرتبووەوە و هەنگاوی فراوانی بەو میللەتانە هەڵناو بە جۆرێ لەتاریکیی سەدەکانی ناوەراستی دەرهێنان کە توانیان لەهەموولایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن . بەواتایەکی تر ئەو زەمینەیەی کە رێبازی کلاسیکی ئەوروپی لەسەر چەکەرە کرد ، گۆڕانکارییە گەورەکانی ( سەدەی راپەرین ) پێکی هێنابوون (٣٨) .

دیارترین شەقڵی ئەو زەمینەیە و سیمای قۆتاغەکەش، هەر وەك مێژوونووس و رەخنەگرەکانیان دەست نیشانی دەکەن بریتی بوون لە :

بوژاندنەوەی کەلەپوورە دێرینەکەی ( یۆنان و رۆمان )و سوود وەرگرتنێکی راستەوخۆ لێیان کە گەیشتبووە رادەی لاسایی کردنەوەیان و پێك هێنانی رۆشنبیرێتی یەکی دنیایی کە ناوەڕۆکی مێژوویی بزووتنەوەکە بووە لایان و هەووینی پێك هینانی میرنشینییەکانیان بووە بە گیانێکی نەتەوایەتی ئەوتووە کە لە سایەیاندا زارە ناوچەییەکان ببنە زمانی نەتەوایەتیو لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەدەبیدا بەکاربهێنرێن . بێگومان ئەو سیماو شەقلانەش ، بریتین لەو هێڵە گشتی یانەی کەهەموو میللەتانی ئەوروپای رۆژئاوا یەك دەخەن ، با لەناویانیشیاندا چەشنەجیاوازی یەکیش لە رووی چەندێتی و چۆنیەتی ئەو بنەمایانەوە بەدی بکرێت کە (سەردەمی راپەرین)یان سازدا (٣٩) .

جا ئەگەر ئەمانە هێڵە گشتی یەکانی ( سەدەی راپەرین) بن و بنەرەتە دیارەکانی ئەو زەمینەیە بن کە رێبازە کلاسیکی یەکەی لەسەر بنیات نرا ، ئەوا بە دڵنیایی یەوە دەتوانین بڵێین کە هەر ئەو هێڵە گشتی یانە و

هەر ئەو بنەرەتانە و لە پاڵیشیاندا ئەو دیاردانەی کە لە قۆناغی سەرهەڵدانەکەیدا دەوریان بینیوە ، لێرەش لە رۆژهەڵاتدا بەئاسانی هەستیان پێ دەکرێت و بۆخۆیان زەمینەیەکی هەروەك ئەو زەمینەیەی لای ئەوانی ، بۆ رێبازێکی نوێی ئەدەبی ئامادەکرد، کە دەتوانرێ بە کلاسیکی ناوی بەرین .

لە رۆژهەڵاتدا و هەر لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسیەکانەوە ، کاتێك کەئەورووپا هێشتا هەر خەواڵوی سەدەکانی ناوەراست بووە ، هەموو ئەو بنەرەتانە ی کە لای ئەوان چەکەرەیان  بە سەردەمی راپەرین کرد ، رەنگیان بۆ رێژرابوو.

لەم سەردەمەدا بزووتنەوەی کتێب دانان و وەرگێران گەیشتە پلەیەکی وا کە بتوانرێ زوربەی ئەو بەرهەمە شیعری و تێروانینە رەخنەیی یانەی کە دەماودەم دەگێڕڕانەوە ، بنووسرێنەوەو وەك کەلەپورێکی رەسەن بخرێنە بەردەست شاعیران و رەخنەگرانی قۆناغەکە.

دیارترین بەرهەمیش کەسەرەتا توانیان دەوری گرنگ ببینن ، کتێبی ( طبقات الشعرا ) ی (ابن السلام الجمحی ) و ( الشعر و الشعرا ) ی (ابن القتیبە الدینوری ) و ( نقد الشعر ) ی ( قدامە بن جعفر ) بوون ، بە تایبەتیش کتێبەکەی ( قدامە بن جعفر ) کە کەلەبەر تیشکی بەرهەمە دێرینەکاندا سروشت و تایبەتیەکانی شیعری عەرەبی دیاری کرد و بۆ یەکەمجار پێناسەیەکی ئەوتۆی شیعری خستە بەردەست کەتا سەرەتای سەدەی بیستەم لەلێکۆلینەوە رەخنەیی یەکاندا بنجی داکوتابوو ، هەمووئەمانەش بوونە مایەی ئەوەی کەئەو بەرهەمە دێرینانە ببنە کەلەپورێکی رەسەن لایان و گەلێ لە بنەما هونەری و جوانکاری یەکانی لێ هەڵبهێنجن و راستەوخۆش لاسایی بکرێنەوە ، ئەم پەیرەوەش لە ئەدەبی رۆژهەڵاتی دا  گەلێ پێش رێبازە کلاسیکی یەکەی ئەورووپا بنجی داکوتاوە ، چونکە سەرەتاکانی رێبازی کلاسیکی لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزە بەدواوە و لەئەدەبی فەرەنسیدا لەو داواکاری یە بەربڵاوەدا بەرجەستە کراوە کە گرنگی بە دەستوورە کارسازیـە هونەری یەکان دەدا ، ئەو یاسایانەی کەلە کارە هونەری یە کۆنەکانەوە بەدەست دەهێنران (٤٠) . هەر لێرەدا دەبێ ئەو راستی یەش بخەینە بەردەست کەلەو قۆناغەدا شاعیران و رەخنەگرانی رۆژهەڵات ، پێش ئەورووپی یەکان خۆیان ( هونەری هۆنراوە) ەکەی ( ئەرستۆ ) ی یۆنانی یان لەبەر دەستدا بووە و سوودی تەواویشیان لێ وەرگرتووە کە بێگومان رادەی کارتێکردنەکەی لەسەر شاعیران و رەخنە گرانی ئەورووپا بەگشتی و لەسەر رێبازەکلاسیکی یە ئەورووپی یەکە بە تایبەتی ، ئاشکرایەو پێویست بە لێدوان ناکات .

هەر لەو قۆناغەدا و لە کاتێکدا رۆشنبیری یەکی ئاینی وشك بە هەموو لایەنەکانی ژیانی میللەتانی ئەورووپاوە ئالا بوو، لێرە دەمێك بوو پارسەنگی‌یەکی دیاریان لە نێوان هەردوو لایەنی ژیانی ئاینی و دنیایی دا پێك هێنابوو ، بەرادەیکی وا کە هەندێ لە مێژوو نووسان (٤١) پەیان بەو راستی یە بردووە کەهەر ئەم گرنگی دانە بە ژیان و ئەو رۆشنبیرێتی یە دنیایی یەی کەلە رۆژهەڵاتدا چەسپابوو ، سەرنجی میللەتانی ئەورووپاشی راکێشاو کردیان بە چرایەك بۆ رۆشن کردنەوەی بەشێك لە تاریکایی سەدەکانی ناوەراستیان .

پەرەسەندی گیانی نەتەوایەتی و لە پاڵیدا سەرهەڵدانی میرنشینی سیما نەتەوەیی لەناو میللەتە موسوڵمانەکانی رۆژهەڵاتیشدا ، دیسان یەکێك بوە لە دیاردە دیارەکانی سەردەمی فەرمانرەوایی عەباسیەکان . هەر لەو سەردەمەداو لە ناوگەلانی ئێران دا لەو چەشنە میرنشینانە دامەزراو لە سایەشیاندا زمانە نەتەوایەتی یەکانیان بوژاندەوە ، زمانی فارسی دەری ئەمرۆش بۆ خۆی دیاردەیەکی دیاری ئەو قۆناغەیەو بۆخۆی بنەرەتێکی دیاری ئەو زەمینەیە بووە کە ئەدەبێکی نوێی لەسەر دامەزرا کە ئەدەبی فارسی بوو .(٤٢)

بەلای ڕەخنەگرە ئەوروپی یەکانەوە ، ئەو ڕێرەوی بەرەوپێش چوونە گشتی یەی میللەتانی ئەوروپا کە یارمەتی بەردەوام بوونی گیانە دنیایی یەکەی دا لایان ، بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆشك و سەراو دەرباری پاشاو میرەکانیان بکەونە شانکێ ( منافسە ) کردنی یەکتری لەرووی کۆکردنەوەی شاعیران و هونەرمەندان لە دەوری خۆیان . هەر ئەمەش ئەو بۆچوونەی لا دروست کردن کە ئەدەب و هونەری کلاسیکی بەرهەمی ئەو دەستەیە بوون کە لە پایتەخت و شارە گەورەکاندا و لە کۆشك و سەرای پاشاکاندا ژیاون ، یاخود هامشۆکەری ئەو شوێنانە بوون .

دەربارەی ئەو شاعیرو هونەرمەندانەش ، ئەو راستی یە خراوەتە بەرچاو کەئەم دەستەیە ئەدیبی گەورەو هونەرمەند بوون و جیا بوون لەو شاعیرە گەرۆکانەی سەدەکانی ناوەراست کەبۆ سوود وەرگرتن و جێگا خۆش کردن سەریان لەو کۆشك و سەرایانە داوە ، ئەمان هەموو روخسارێکی شکۆمەندی و سەر بڵندیان تیادا دەبینراو دەیانویست ببن بە مامۆستاو رابەری فەرمانرەواکانیان ، هەرچی فەرمانرەواکانیش بوون ئەوا بەچاوی شایەر و گۆرانی بێژی کۆڕ گەرم کەرەوە تێیان نەدەروانین ، بەڵکو رێزی تایبەتیان هەبوو لایان و وەك هاوڕێ و هاو رازو نهێنگری خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون ، بەمەش پلەو پایەی کۆمەڵایەتی شاعیر بەرز بووە و دەوریان لەژیانی بیری و رۆشنبیریدا گێڕاوە .(٤٣)

لە رۆژهەڵاتیشدا و لە پێش ئەوروپادا چ کۆشك و سەرای خەلیفە و میرە عەباسی یەکان بوو بێت و چ دەرباری میر و سەرکردە فارسەکان بوو بێت ، پێشوازی گەرمیان لە شاعیران کردووە و کەم شاعیر و هونەرمەندی گەورە هەبووە کە سەری لەو کۆشك و سەرایانە نەدابێ و هاونشینی خەلیفە و کاربەدەستان نەبووبێ ، تەنانەت بۆ ئەدەبی فارسی یەکەم شیعری لە دایك بووی ئەو قۆناغە ، لە کۆشك و سەرای فەرمانرەواکاندا بووە و بەشێوەی ( قەسیدە ) بوو کە بابەتی ستایش هەوێنو بنیاتنەری بووە(٤٤) .

هەر لەم بوارەشدا و دەربارەی زەمینەی چەکەرە پێ کردووی ڕێبازی کلاسیکی ئەوروپی دەوترێت ، ئەدەبی کلاسیکی ئاکامی ئەو بارودۆخە هێمن و ئاسوودەیی یە بووە کە پاش ماوەیەکی دوورو درێژی بێ ئارامی و بێ ئاسایشی باڵی کێشاوە بەسەریاندا (٤٥) . جا ئەگەرئەمە بوخوی بۆ کلاسیکی یە ئەوروپی یەکە لەبەر چاو بگیرێ ، ئەوا بۆ کلاسیکی یە رۆژهەڵاتی یەکەش دەتوانین بڵێین کە هەموو دیاردە شارستانی یەتە نوێ کانی سەردەمی فەرمانرەوایی عەباسی یەکان و لەگەڵیاندا ئەو بزووتنەوە ئەدەبی و رۆشنبیری یەی کەلەو قۆناغەدا سەری هەڵدا، بۆ خۆیان ئاکامی هەمان بارودۆخی پڕ ئاسوودەیی ژیانیان بووە ، پاش ئەوەی کەتا سەردەمی ئەمەوی یەکانیش بنەماکانی ئەو ژیانە ئاسوودەیی یە بە تەواوی نەچەسپابوو .

ئەو راستی یانەی کەخستمانە بەردەست لەلایەك و راستی دانانی شیعری کلاسیکی کوردی بەبەشێك لەو شیعرە کلاسیکی یە رۆژهەڵاتی یەی کە دیارترینیان شیعری عەرەبی و فارسی بووە ، بۆ خۆیان زەمینە گشتی یەکەی چەکەرەکردنی ئەدەبی کلاسیکی کوردیمان دەخەنە بەردەست ، ئەمە جگە لەوەی کەگەلێ لەدیاردەکانی ئەو قۆناغە راستەوخۆ لەسەردەمی لەدایك بوونی ئەو شیعرە کلاسیکیەیانەماندا دەبینرێن کە تائەمرۆ بەدەستمان گەیشتوون .

لێرەدا دەتوانین بڵێین ، کە ئەگەر مێژوو بە تەواوی هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەردوو میر نشینی یەکەی بۆتان و ئەردەڵانی نەخستبێتە بەردەست ئەوا بۆ میرنشینی یەکەی بابان، لەگەڵ کەمی زانیاریشمان دەربارەی ، راستەوخۆ روبەرووی گەلێ لەو دیاردانە دەبینەوە کە

سەرنجمان بۆ راکێشان ، هەر لەپەرەسەندنی گیانی نەتەوایەتی و لە سایەشیدا خەملاندنی زمانێکی ئەدەبی بۆ یەکەم جارو ژیانێکی ئاسوودە و هێمنی سەردەمی فەرمانرەوایی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشای کوڕی تادەگاتە ئەو بزووتنەوە رۆشنبیری و ئەدەبی یەش کە میرنشینی یەکەو گەلێك لە پاشاکانی بابان دەستیا لە گەلالە کردنی دا هەبووە(٤٦)، بە واتایەکی روونتر ئەو زەمینەیەی کە شیعرەکانی نالی و سالم و کوردیومەحوی یان لەسەر چەکەرە کرد، ئامادەکراوی گەلێك لەو بنەرەتانە بووە کەلە کلاسیکی رۆژئاوایی و رۆژهەلاتی یەکەدا دەبینرێن .
بێ گومانیشە کەلەباسی وادا ، تایبەتێتی ئەدەبی هەر میللەتێك بۆ خۆی فەراموش ناکرێ ، بەلام هیچ کاتێ بوونی ئەو تایبەتی یانەش ناتوانن سیما گشتی یەکان داپۆشن و هێلە گشتی یەکان ون بکەن ، کە لێرەدا و بۆ ئەم باسە گرنگیمان پێ داون .

بەم چەشنە دەگەینە ئەو راستیەیەی کە باسکردن لە جیاوازی نێوان سیماو دیاردەکانی قۆناغی شیعری کلاسیکی ئەوروپی و شیعری کوردیو دانانی بەبەلگەی نەبوونی ئەو رێبازە لە مێژووی ئەدەبەکەماندا ، لە لایەن هەندی لیکولەرەوە ، بۆ خۆیان باسکردنیکی نا زانستانەنو هەموو ئەوراستیانە و ئەو هەموو تێروانینانەش کەلە پێشدا خستمانە بەردەست فەراموش دەکەن ، لە کاتیکدا کە دەتوانن راستەوخۆ ئەوە بسەلمێنن کەنەك هەر دەتوانین زاراوەی کلاسیکی بۆشیعری کوردی بەکاری بهێنین ، بەلکو بە دلنیایی وە دەتوانرێ بوونی رێبازێکی ئەدەبی دیاریکراوو سنووردارو خاوەن تایبەتی کە رێبازی کلاسیکی یە بخەینە بەردەست ، چونکە نەك هەر بنەرەتە دیارەکانی چەمکی کلاسیکی یە جیهانی یەکە لەو رێبازەی شیعری کوردی دا رەنگ دەدەنەوە بەلکو زووربەی ئەو بنەما دیادانەش کە چەمکەکەیان پێك هێناوە ، لە ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی ئێمەو میللەتانی رۆژهەلاتدا بەدی دەکرێن .

گرنگی ئەو راستیانەو ئەو ئەنجامەش کە دەیدەن بەدەستەوە لەوەدایە کە دەتوانین بە هۆیانەوە دەرگای چوونە ناو باسی سیماو شەقلە هونەریەکانی شیعری کلاسیکی کوردی زانستانە بکەینەوەو لەو تیروانینە نازانستانانە دووری خەینەوە کە دەربارەی خراونەتە بەردەست

بەشی سێیەم : شەقڵە هونەرییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی :

جگە لەو باسو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردینو تیایاندا وەك کلتوورێکی ئەدەبیی بەهادار لە شیعری کلاسیکی کوردییان روانیوە ، بێ ئەوەی بە وردی سیما هونەریەکانی دیاری بکەن (٤٧)، کۆمەلێ باسو لێکۆلینەوەی رەخنەیی دەبینرین کە لە بواری لێدوان لە شیعری نوێو بەراووردکردنی لەگەلێ شیعری کۆنی کوردیدا سەرنجیان لە شیعری کلاسیکی داوەتەوەو بەگشتیش لە بەها هونەریەکەیان کەم کردووەتەوەو بە مەبەستی بی نرخ کردنی نازانستانە هەندێ لە سیماو شەقلەکانیان دیاری کردووە ، یەکی لەو لێکۆلینەوانەش کە تا رادەیەك ، وردتر ئەو ئەرکەی بەدی هیناوەو شوێن پێ هەلگریشی زوربووە ، باسێکی (گۆران) ی شاعیرە کە بە ناونیشانی (کۆنیوتازەیی لە هەڵبەستا) بلاوی کردووتەوە(٤٨) و ئێمەش لێرەدا بە ئاوردانەوە لێی و هەلوێستە کردن لەسەری لەم خالانەی لای خوارەوە ، زانستانەترو وردتر هەولی دیاری کردنی سیماو شەقڵە هونەریەکانی شیعری کلاسیکییمان دەدەین .

١-سیمایەکی شیعری کلاسیکی - جگە لە شیعری هەورامی - کە (گۆران) لەو باسەیدا دیاری کردووە، بێ ئەوەی را دەربارەی دەربرێ ، بەکارهێنانی کیشی عەروزییە لە بنیاتە ئاوازەییەکەیدا ، کە کاتی خۆی و لە پێشەکی

دیوانەکەیدا ئەو بۆچوونەی دەربارەی کێشی عەرووزی خستبووە بەردەست و بەلایەوە کێشی برگەیی لەگەل تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێ نەك کێشی عەروزی و ئەو بوچوونەشی ئەوەی لێکەوتەوە کە کێشی عەروزی عەرەبییەو نامۆیە بە شیعری کوردی ولە بەهای شیعری کلاسیکی کەم کردووتەوە، هەروەك لە تێروانینیکی (کاکەی فەللاح )دا دەبینری و رای وایە کە:(( موسیقای دەریاکانی عەروز بتەویو نەتەوی جورە وشکیو جوونەوەو گرمەو نالەیەکی ئەوتوی بە دەمەوەیە کە لە کاتی بیستندا شتیکی نویو نە بیستراوو لە ناکاوت پی نابەخشیت..)) (٤٩) ، دیارە بەلای ئێمەوە ، نە بۆچوونەکەی (گۆران) بەراست دەزانینو نە تێروانینەکەی (کاکەی فەللاح) یش بە دروستو زانستانە دەبینین، چونکە نەك هەر دەقە کلاسیکیەکانمان بەڵکو هەر خودی گەلێ لە دەقە شیعرییەکانی( گۆران) خۆی بە گشتیو دەقەکانی (ئەحمەد هەردی) بەتایبەتی کە ئاوازەکانیان عەروزییە ، ئەو دوو رایە رەت دەکەنەوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو چەشنە نەگوجاندنەی کە( گۆران) باسی دەکات، پەیوەندە بە چۆنیەتی کێشانی سیستەمە ئاوازەییەکەوە نەك بە خودی ئاوازەکەوە کە بەلای ئێمەوە ئاوازێکی هونەری ئەوتۆیە کە زمانی شیعری پێ چر دەکریتەوە و بەهۆی هێنانی دەستەپێی وەك یەکی ئاوازەییەوە و بە پشت بەستن بە دوو سیستەمی ئاوازەیی کە یەکێکیان فۆنەتیکییەو بە هاو ژمارە کردنی برگەکان لە نیوە بەیتەکاندا بە دی دەهێنریو ئەوی تریان فۆنۆلۆژییە و بە هاوتەریب کردنی برگەی وەك یەکی پێك هاتوو لە کۆنسنەنتو ڤاول پیك دەهێنرێ ، بوار بو هێنانی یەکەی زمانی هاوشێوە زیاتر دەرەخسێ ، بە پێچەوانەی کێشە برگەییەکە کە تەنها بە ژمارەی برگە بەیت بنیات دەنێت نەك بە هاوشێوەکردنی دەستەپێیەکان ، هەر بۆیە شاعیرانی وەك مەلای جزیری و نالیو سالمو مەحوی ... هتد روویان لەو کێشە کرد نەك کێشە برگەییەکە ، تا بتوانن بە هونەری شیعریی شان بدەن لە شانی ئەدەبی عەرەبیو فارسی .

سیمایەکی تری شیعری کلاسیکی کە( گۆران )دیاری دەکات، ئەوەیە کە بەلایەوە :( یەکیتی قافیە هەلبەستی کۆنی ناچارکردووە یەکێتی بابەت {وحدە الموضوع} بترنجێنێتە ماوەی بەیت ..بەیت لە واتادا ئەوەندە سەربەخۆیە کە پیاو ئەتوانی بەیتەکان بە هەوەسی خۆی پاشو پێش خات بێ ئەوەی هەست بە جیاوازییەك بکرێ..)

بێگومان لەم تێروانینەی (گۆران)دا ، ئەوە راستە کە سیمایەکی دەقی شیعری کلاسیکی سەربەخۆیی بەیتەکان بووە لە واتادا ، بەو رادەیەی کە پەسەند نەبووە واتای بەیتێك لە بەیتی دواتردا تەواو بکرێ ، بەلام ئەم پەیرەوە هونەرییە ، واتە سەربەخۆیی واتای بەیت ، نە پەیوەندی بە یەکێتی بابەتەوە هەبووە ، نە بە یەکێتیو یەك پارچەیی دەقەکەشەوە ، چونکە ئەو سێ لایەنەی بنیاتی دەقی شیعری ، سێ بنەمای جیاوازن وچۆنیەتی کارکردنو کار لە سەر یەکتری کردنیان ، لە دەقێکەوە بو دەقێکی تر دەگۆرین (٥٠) ناکرێ بۆ دەقی (نەمردم من)و(قوربانی توزی ریگەتمەی...) هکەی (نالی) (٥١) ، بوترێ بە هۆی یەکێتی بەیتەوە یەکێتی بابەتو یەکێتی دەقیان تێدا لەدەست داوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر لە دەقەکانی (گۆران) خۆیدا گەلێ دەق دەبینرێن کە یەکیتی بەیتیان بەرادەیەك تیا بەدی هاتووە کە بە پێشو پاش خستنیان هەست بە جیاوازی ناکەین ، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی بابەتیان لە دەست نەداوە (٥٢) . بەم پێیە و بەلای ئێمەوە ئەو تێروانینە گشتگیرییە گەلێ نادروستە کە بە لایەوە شیعری کلاسیکی یەکێتی بەباتو یەکێتی دەقی تیا بەدی نەهێنراوە بە تایبەتی لەو دەقانەدا کە جگە لە جوانی چنینیان ، دەربرین بوون لە موعاناتیکی خودیوکەسی یان گشتی ،

هەرچی ئەو دەقانەش بووە کە ئەرکی سەرەکیان خودی جوانی خۆی بووەو خۆیان بۆخۆیان مەبەست بوون ، ئەوا سەربەخویی بەیتەکان چ لە دەربرینو چ لە واتادا ، بەو مەبەستە هونەرییە بووە کە هەریەکەیان بەشێك لە جوانی دەقەکەیان پێك بهێنن ، تا وەك( مەحوی )دەڵێ( ببنە تاری ئامێریکی موسیقی و هەریەکەیان ئاوازێکی جوانی لێ هەڵسێ)(٥٣)

٢- جیاوازییەکی تر کە (گۆران) لە نێوان شیعری کلاسیکیو شیعری نوێدا دیاری دەکات، ئەوەیە کە بەلایەوە:(شیعری کۆن بە پلەی یەکەم بایەخ بە هەستو ئەندیشە ئەدا نەك بیر، بەلام شیعری تازە (ریالیزم) پایەی یەکەم بە بیر ئەداتو بیری شیعری کۆن شەقڵی تایبەتی رژێمی دەرەبەگی پێوەیەو لە سەرێکەوە ئایدیالییە بەرامبەر بە ریالیستی شیعری تازەو لەسەرێکی ترەوە زوربەی ئەو شیعرە کۆنە خۆییە ، لە کاتێکا زوربەی بیری شیعری تازە لە دنیای بابەتی وەرئەگرێت ئەگەرچی لە دەربرینا رەنگی بۆتەی هونەری بوێژ ئەگرێ )

لێرەدا و سەرەتا تێبینی ئەوە دەکەین کە (گۆران ) ئەوەی لە یاد چووە کە شیعری کوردی چ کلاسیکییەکە بێت و چ نوێ کەش (شیعری لیریکی)نو بۆخویان شیعری خودین و بە هەر بیرێکیش چەکەرەیان کردبێ لە بازنەی خودێتی ناچنە دەرەوە و هەر لە ژێر رکێفی هەستو سۆزو ئەندیشەدا دەمێننەوە ، خۆ ئەگەر رەگەزی بیرەکەش هێندە زاڵکرا کە هەستو ئەندێشەی تیا وشك کرێت ، ئەوا لە ژێر چەمکی شیعری هەردوو قۆناغەکە جێگای نابێتەوەو زیاتر بەرەو پەخشانیکی ناهونەری سەجعدار دەبرێت ، وەك گەلێ لە شیعرەکانی( گۆران) خۆی کە راستەووخۆ کراونەتە پەیامێکی سیاسی رووت ، بەگشتی و وەك دەردەکەوێ ، لەم بۆچوونانەی (گوران)دا دەنگی (گۆران)ێکی سیاسی دەبیسین ، نەك شاعیرێك و لێکۆڵەرێکی ئەدەبی ، چونکە دەبوو ئەوەی لە یاد نەچوایە کە لە دەقە جوانەکانی خۆیدا هەر لە (بۆ سالم و دەروێش عبداللە وشەهیدو وەڵامی پرس، تەنانەت لە مۆسکۆی جوانو رێگای لەنین )ەکەشی دا (٥٤)، ئەوە هەستو سۆزو ئەندێشەی بوون کە تیایاندا دەرگایان لەسەر بیریشی کردووەتەوە ، بەڵام لە ( دیاری خوایشەرو زیندانی ئەژدەهاكو بت بتەوانو بۆسەربازی جومهووریمانو چیرۆکی برایەتیو مۆسکوی ئەیار )دا (٥٥)ئەوە بیر بووە کە دەرگای هەستو ئەندێشەی پێ داخستووەو دەقی شیعریی بێ گیانیان پێ بەرهەم هێناوە .

هەرچی دەربارەی ئەو بۆچوونەشیەتی کە بیری شیعری کلاسیکی هەڵگری شەقڵی تایبەتی رژێمی دەرەبەگایەتی بووە ، ئەوا ئاشکرایە کە لەگەڵ ئەوەی ئەوقۆناغەی کە شیعری کلاسیکی کوردی تیا ژیاوە ، قۆناغی دەرەبەگایەتی بووە ، بەڵام نەك هەر هەڵگری بیری دەرەبەگایەتی نەبوون ، بەڵکو بەتەواوی لە دەرەوەی بازنەی ئەو بیرەدا خۆیانو دەقەکانیشیان هێشتووەتەوە ، هەر بۆیە نەخۆیان شاعیری دەرباری دەرەبەگو دەسەلاتدارەکان بوونو نە دەقەکانیشیان لە دەربارياندا لە دایك بووە ، هەر ئەم دیاردەیەش بۆخۆی دەبێتە شەقڵی جیاکەرەوەی شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری عەرەبیوفارسی ، چونکە ئەو بابەتی ستایشەی دەسەڵاتداران کە بووەتە بابەتیکی دیاری شیعری کلاسیکی عەرەبیو فارسی نە لەرووی چەندێتییەوەو نە لەرووی چۆنیەتییەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نابینرێ (٥٦)

٣- هەر ئەو چەشنە بەستنەوەیەی شیعری کلاسیکی بە رژێمی دەرەبەگایەتییەوە (گۆران) بەرەو تێروانینێکی نادروستی تر دەباتو رای وایە کە:(بەها هونەریەکانی سەردەمی دەرەبەگی ، سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی شیعر سێ کوچکەکەی یارو میرو پیر بوو، سەرچاوەی بیرێك کە وتەو واتای پیاهەڵدانی

میری پێ ئەرازێنرایەوە ، ئەفسانە بوو، میر لەشی هەرە ساغی چوار پەلێکی ئیفلیجیش بوایە ، هەمیشە بە زوری بازوو روستەمی داستان بە سێبەری دەرگا سولەیمانی زەمان ، بە سامو شکو ئەسکەندەری ساحیب قران بوو ، جادووکاریو تەلیسمەکانی ئەفسوونیش سەرچاوەی زانیاری بوون بۆ هەڵبەستی ستایشی پیر، جوانیەکانی سروشتو ژوور سروشت هەموو کە لای بوێژە دڵدارەکان ، یار بوو، ئەمیش زۆر جار پریشکی ئەفسوونوئەفسانەی لێ ئەپژا ، ئەبوو بە سەرکردەی لەشکرێك کە برۆکانی دوو شمشێری تیژو برژانگەکانی ریزە تیری ناو تیردانو پرچی کەمەندی لەشکری دڵان بێ و........سێبەری زوڵفی کافرستان و خەتی تازەی رووی ئایەتی قورئان بوو ...بوێژی تازە ئەو جووتە پاڵەوانەی دەمێکە ناشتووە کە میرو پیریان پێ ئەڵێن ، یاریشی رزگارکردووە لەو دەربرینە بێزراوە کە باڵا شۆخەکەی کردبوو بە سنگی دیوەخان هەرچی چەکی ئاغا هەیە هەمووی پیا هەڵواسیبوو ...لە هەڵبەستی کۆنا ئەوەی لە پاڵەوان بەجێ هێنانی ئەخوازرا ، هەموو ئاواتو ئارەزووە خویی‌یەکانی بوێژ بوو ، بەرژەوەندیەکانی خۆی بوو ، ئێستا ئارەزوو ئاواتەکانی گەل داخوازیو پێویستی‌یەکانی کۆمەڵ لە پاڵەوانی هەڵبەست داوا ئەکرێ ، پاڵەوانی هەڵبەستی تازەش تێکۆشەرە تەنانەت یاریش بە جوانی‌یە دڵ چەسپو سروشتی‌یەکەی ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە ئەگەر راستەو خۆ خۆی نەبێ پاڵەوان) .

دیارە لێرەدا نەمان توانی ئەو تێروانینانەی (گۆران) کورت کەینەوە ، چونکە هەموو بۆچونەکانی جێگای تێرامانو پێویستیان بە لەسەروەستانە، هەربۆیە لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا ، زانستانە لێیان دەدوێین :

١- دانانی (میر) بە یەکێ لە پاڵەوانە دیارەکانی بابەتی شیعری کلاسیکی کوردی لە لایەن (گۆران)ەوە راستەو خۆ گومانی ئەوەمان لا دروست دەکات کە (گۆران) باسی لە شیعری کوردی کردبێ ، چونکە جگە لە (شێخ رەزای تاڵەبانی)، شاعیرێکی کلاسیکیمان نابینین کە دەقەکانی بە پالەوانی( میر) و هاوچینەکانیو دەسەڵاتداران ئاخێنرابێ ، تا بووبێتە شەقڵی دیاری بەرهەمەکانی ، بەو رادەیەی (گۆران) باسی دەکاتو بە سمایەکی شیعری کلاسیکی کوردی دادەنێت ، لە چەند دەقی نالی وسالمو کوردیومەحوی ومەلای جزیریو حاجی قادری کوییو وەفاییو ...هتد ، (میر) بووەتە ئەو پاڵەوانەی کە (گۆران) باسی دەکات ؟

هەرچی دەربارەی ئەو بوچوونەشیەتی کە گوایە ئەوەی لە میری پاڵەوانی شیعری کلاسیکی ئەخوازرا ئارەزووەکانی شاعیرو بەرژەوەندی‌یەکانی بووە، ئەوا دیسان بۆ شیعری کلاسیکی کوردی تا بڵێی نادروستو نازانستانەیە، چونکە لەو چەند دەقەی شیعری کلاسیکی کوردیدا کە ستایشی میرودەسەڵاتدارکراوەو بۆخۆیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمترن ، نەك هەر هەوێنەکەیان بەرژەوندی شاعیر نەبوە ، بەڵکو راستەو راست تووی دەقەکان لای دوو دەنگی دیاری شیعری کلاسیکیمان کە (نالیو سالم)ن ، چرۆکردوی ژیانی رۆژانەی میرنشینی‌یەکە بوون ، بە هەردوو دیوی سەربەخویی و ژێردەستەیی‌یەکەیدا ، هەر دوور نەرۆین ستایشی بابانی‌یەکان بەگشتیو عەزیزبەگی بابان بەتایبەتی لای( سالم) لە پێناوی چارەنووسی گەلەکەیدا بوو ە، بویە هەر خودی( گۆران) خۆی لە دەقی (بۆسالم)ەکەیدا دەڵێ:(( کەکەوتە پەنجەیی غەدروجەور زەویی بابان.....بەقەد غەدر غەزەلت وت بەقەد جەور ئەبیات)(٥٧) ، هەرچی ستایشەکەی (نالی)شە بۆ سلێمان پاشاو ئەحمەد پاشای بابان(٥٨) ئەوا لەو بروایەدا نین کە نە خودی (گۆران)و نە هیچ لێکۆڵەرێکی تر بە شیعریکی دەرباری پاشاو ئەمیران ناوزەندی بکاتو بە بەرژەوەندی کەسیی(نالی) یەوە گرێی بدات ، نەك بە رەوشی گەشی میرنشینی‌یەکەی ئەو چەند ساڵە کەمەی میرنشینی‌یەکەی بابانەوە کە دوا ساڵەکانی فەرمان رەوایی سلیمان

پاشاو ساڵانی سەرەتای فەرمان رەوایی ئەحمەد پاشا بووە و تیایدا( نالی)بە تواناو لێهاتوویی خۆی بووبووە سەروکی زمانەوانی میرنشینیەکە و میرانی بابان دامەن گیری بوون(٥٩)

ب- دەربارەی (یار)یش کە (گۆران) بە پاڵەوانیکی تری شاعیری دڵداری شیعری کلاسیکی دادەنی ، سەرەتاو بە بۆچۆنی ئێمە نەك هەر لەشیعری کوردی کلاسیکیدا بەڵکو لە لای بەشێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی میللەتە موسلمانەکانی روژهەلات ، ئەگەر نەڵێین لای سەرجەمیان، (یار)یکی ئەندیشەیی وشیعری بووە و هەوێنێکی دەقی جوان بووە و ئامادەبوویەکی نەبوو ی واقع بوو ە ، نەك خوشەویستیکی ئامادەبووی ناو ژیانی کەسی شاعیر، هەروەك لای نالیوسالمو کوردیو وەفاییو مەلا وەسمانو ...هتد دەبینری ، تەنانەت بەلای ئیمەوە خودی (حەبیبە)کەی (نالی) ناویك بووە کە لە داهینراوی نالی خوی بووە تا ناویکی شیعری نوی بخاتە پال ناوەکانی تری( یار)ی شیعری روژهەلاتی کە ( سەلماو لیلی و شیرینو ....هتد)بوون ، هەرچی لای شاعیرە سوفیەکانیش بوو ئەوا لەگەڵ عشقی حەقیقیدا هاوتەریبیان کردبوو (٦٠)

هەرچی دەربارەی وێنەی (یار)یشە بەو شێوەیەی کە (گۆران) گاڵتەجاریانە لێیان دەدوێ ، دەبێ ئەو راستیەیە فەراموش نەکەین کە وێنەی ژن لە شیعری کلاسیکیدا بۆخۆی وێنەی جوانکاریانەی زمانی دەق بوون و کارکردنی شاعیرانە بە هونەرەکانی رەوانبێژی هێناونیەتە ناو بنیاتی دەقەوە(٦١) ، هەربۆیە وەسفەکانیش بەو وێنانە کراون کە بەلای گورانەوە بووەتە (سنگی دیوەخان) ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەبێ بۆ شیعری کلاسیکی وەسفی ژن وجوانی ژن لە بازنەی چێژی سەردەمەکەدا ببینریێو بە دابراو لەو وەسفانە نەبینرێن کە لە دەرەوەی شیعر ،خەڵکی سەردەمەکە بینونی ، دیارە لێرەشداو ئەگەر لە روانگەیەکی کۆمەلایەتیەیەوە لە شیعری کلاسیکیمان بروانین ، ئەوا ئەو راستیەیە دێتە بەردەست کە رێچکەی هاتنە ناوەوەی ژن بۆ ناو دەقی شیعری زیاتر رێچکەیەکی جوانی بووە نەك کۆمەلایەتی ، هەربویە لە جیهانی شیعری کلاسیکیدا ، بەگشتی، ژن سالارانە پیشان دراوە ، بە پێچەوانەی ئەو رەوشو ژیانە تاڵەی کە لەناو کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا بەسەری بردووە

ج- پاڵەوانی (پیر)یش کە بەلای (گۆران)ەوە بووەتە شەقڵێکی دیاری تری شیعری کلاسیکی ، دیسان تێروانینیکەو لە جێگای خویدا نیە، چونکە لای شاعیرێکی وەك (نالی)و لە فەرهەنگە شیعریەکەیدا تەنها (٨)جاریكو بەم شیوانە وشەی (پیر) دەبینرین کە: (پیری دل، پیری خەرەف،پیرەفتادە،پایزی پیری،سوجدەیی پیر، پیرمووفوتادە، پیرمووفانی پیریکی نەزان)ن ، لە ناو ئەمانەنەشدا وەك دیارە تەنها لە (٣)شوێندا بەو دەلالەتەی کە (گۆران) مەبەستی بووەو شیخی تەریقەتو مورشیدی گەیاندووە هاتوون (٦٢)، لای(سالم)یش (٧) جار وشەی پیر هاتووەن و لەو حەوت جارەش لە (٥) شوێندا بە واتای مورشد بەکاری هێناون(٦٣)،تەنانەت لای دەنگێکی سوفیانەی وەك(مەحوی)یش وشەی (پیر) تەنها (٦)جاریك بەواتای رابەرو شیخی تەریقەت بەکارهاتوون (٦٤)، بەم پێیە بە هیچ شیوەیەك (پیر)ی تەریقەت نەبووەتە ئەو (پاڵەوانە)ی کە تایبەت بێ بە شیعری کلاسیکیمان تا وەك سیمایەکی جیاکەرەوە لە شیعری نوێ ببینرێ

٤- سیمیایەکی تری شیعری کلاسیکی بەلای (گۆران) ە وە ئەوەیەکە:((هەڵبەستی کۆن بە زووربەییەیەکی نزیك لە سەرجەم ، هەستی پێچەوانەی دەربرینە ، بەرامبەر بە ژیان ، لە راستیشا ئەو شتەی پێی ئەڵێن گیانی سەردەم ماوەی نەداون بتوانن بە جۆرێکی تر تەماشای ژیان بکەن)) ، بێگومان ئەم چەشنە روانینەی (گۆران) بو بنەمای(هەست) ی شیعریی، کە بەلایەوە هەستێکی خودی دابراو بووە لە ژیان ، تێروانینیکەو لەو روانگەی (ئەدەب بوژیان)ەوە گەڵالە بووە کە رێبازە ریالیزمیەکە لێی دەخواست ، خۆ ئەگەر لێرەشدا لەو راستیەیەوە

که خۆی دەیخاته بەردەستو بەلایەوه (شاعیرانی تازه ئەوەندەی شاعیرانی کۆن له هونەری یەك خستنی وشەو سفت چنینی وتەدا وەستا نین ) ،له بنەمای (هەستی شیعریی)شی بروانایه ، ئەوا ئەو ڕاستىيەشی دەهاتەوه یاد که جوانی دەق له شیعری کلاسیکىدا بۆخۆی مەبەست بووەو نەکراوەته هۆیەك بو ئامانجه سیاسیو کۆمەلایەتیورەوشتىیەکانی شاعیر و بەو چەشنەش شاعیرانی کلاسیکی نەدەبینی که بەلایەوه(تەنها بەدوای بەرژەوەندی خۆیانا سووراونەتەوه )

٥- هەر بەهەمان روانین له روانگەی ریالیزمىیەوه بو شیعری کلاسیکی، ( گۆران) ئەندیشەی کلاسیکیش وادەبینێ که(( هەڵبەستی کۆن باڵی ئەندێشەی زۆر تیژبووه ، بەڵام ئەندیشه کاتێك نرخێکی هونەریی ئەبێ که نیگارکێشی هەسته پەسەندەکانی لای سەرەوه بێ ، ئەندێشەیەك پاڵەوانەکانی ئەسکەندەرنامەو دێوەکانی مازیندەران بهێنێته دی ، تەنیا ئەتوانێ هاوتەمەنو هاومێشکی منالێ ژیرکاتەوه وه هەرگیز ناتوانێ تینوێتی خاوەن چێژێکی وێژەیی بشکێنی وه ئەم جۆره ئەندێشانه له ریزی کەڵکەڵەو ئەوهام دا ئەژمێرری ))

لێرەداو پێش هەر تێبنىیەك دەربارەی ئەو بوچوونەی( گۆران) ، ئەو پرسیاره رووبەرووی دەبێتەوه که ئەگەر وا بێ ئەوا دەبێ شیعردۆستانی قۆناغه کلاسیکىیەکەو چێژلێ وەرگرانی ئەمرۆی شیعرەکانی نالیو مەحوی (هاو مێشكو هاوتەمەنی منالێ بووبن)....؟!

تێبینىیەکی ترمان دەربارەی ئەو بۆچوونەی (گۆران) ئەوەیه که دانانی ئەندێشەی کلاسیکی به تەفسیریو ئەندێشەی نوێ به داهێنەرانه ، بەوەی که تەنها لێچواندنی چاو به نێرگزو بەژن به سەروی رەوانو روومەت به پەرەی گوڵی لێ کەوتووەتەوه ، بۆخۆی تێبینىیەکی بەرتەسکه ، چونکه هەر لای (نالیوسالم ) ،دەیان وێنەی داهێنراوی ئەوتۆ دەبینرێن که تایبەتن به خویانو تەنانەت له شیعری فارسیشدا نابینرێن و وەستایانه زمانی دەقیان پێ چنیوه ، وەستایىیەکی وا که شاعیرانی نوێ وەك (گۆران) خۆی دەڵێ نەیان توانیوه بگەنه ئاستیان (٦٥)

بێگومان دەرك کردنی (گۆران) بەوەی زمانی دەقی کلاسیکی هونەرمەندانەترو سفت تره ، ئەو ڕاستىیەی لی دەکەوێتەوه که لای شاعیرانی کلاسیکی نه کێشه عەرووزىیەکەو نه ئەو وێنه شیعرییانەی که (گۆران) به تەفسیری ناویان دەبات نەك هەر دەقەکانیانی بێ گیان نەکردووه ، بەڵکو لەگەڵ رەگەزەکانی تری شیعردا سیماو شەقڵێکی شیعریەتی ئەوتۆیان پی بەخشیون که کەم دەقی شیعری نوێی قوناغەکەی (گۆران) گەیشتووەته ئاستیان"، هەر بۆیه بەلای (گۆران)ەوه شاعیرانی هاوتەمەنی هێندەی کلاسیکیەکان له زماندا وەستا نینو((هێشتا له دەوری تافیکردنەوه تێنەپەریونو له سەردەمێکیشا ئەژین که تەنانەت ئەو فەرهەنگەی وشەی لێ هەڵئەبژێرن بۆ بەرهەمیان هێشتا له قاڵبا نەمەیوه ، ئەم هۆیه دەستی زۆره لەوەدا که پشتی تازه زوو نەتوانی شوێن پێ پتەو کا له مەیدانی هونەرەکەی خۆیا ))

لێرەدا و بەلای ئێمەوه ئەو سیما لاوازەی زمانی شیعری نوێی کوردی که( گۆران) هەستی پێ کردووه ئاکامی هەژاریو نەمەینی فەرهەنگی زمانی کوردی نەبووه وەك (گۆران) خۆی بۆی چووه، بەڵکو لەلایەك ئەنجامی ملکەچکردنێکی رەهایانەی زمانی شیعر بووه بۆ بیروباوری سیاسیو مامەڵەکردنێکی ناهونەریانه لەگەل دروشمی (ئەدەب بو ژیان) ، تا رادەی به دروشمکردنی دەقی شیعری که بنەمای(لادانی)زمانی شیعری لا سست کردبوون و له لایەکی ترەوه ، بایەخ نەدانیان به هونەرەکانی رەوانبێژی ، بەهۆی ئەو تێروانینه نا دروستەی که گوایه ئەو هونەرانه ، هونەری شیعری کلاسیکینو ناشێ شیعری نوێ روویان تێبکا ، ئەمه له کاتێکا هەر بەو

هونەرانە ، وێنەی شیعریی کە گیانی دەقی شیعرین بنیات دەنرێن(٦٦) ، بەڵام دیارە خودی (گۆران) خۆیو شاعیرانی قۆناغەکەی ، لەو ڕێچکەیەوە هەنگاویان بەرەو جیهانی شیعریو تاقیکردنەوەی شیعری ناوە کە ڕێبازی ریالیزمی بۆیانی ڕەنگ ڕێژکردبوو، وەك (گۆران) خۆی دەڵێ: ((لە هەڵبەستی تازەدا بەتایبەتی لە هی قوتابخانەی ریالیزمی تازەدا وشەبازیو زەرکەشی کردنی ئوسلووب باوی نەماوە وە لەباتی ئەوە لەنگەری بایەخ پێدان خراوەتە سەرناوەرووك)) ، ئەمە لەکاتێکا کە (گۆران) پێش هەموو کەسێ دەبوو ئەوە بزانێ کە ئەگەر شیعر دەسبەرداری (وشەبازی)و(زەرکەشی کردنی ئوسلووب)بێت ، ئەوا لەوە دەکەوێت پێی بوترێت شیعر چونکە شیعر بۆخۆی هونەرێکی جوانکاریانەی زمانە.

بەم پێ یە جارێکی تر ئەو ڕاستیە دێتەوە بەردەست کە تێروانینەکانی (گۆران) لێرەدا بۆ شیعری کلاسیکی کوردیمان تێروانینی لێکۆڵەرێکە کە لەروانگەی میتۆدێکی دیاری کراو کە ریالیزمیە بە چەمکە سوشیالییزمیەکەی ، نەك شاعیر، دەروانێتە شیعری کلاسیکیمان ، چونکە ئەگەر وەك شاعیر لە دەقە کلاسیکیەکانی شیعری کوردیشی بروانیایە ، هەروەك چۆن لە (فزولی)و(نیزامی) روانیوە ، ئەوا ڕێچکەی بەهادارکردنیانی دەگرتە بەر، نەك ناشیرین کردنیان و بۆ ئەوانیش دەیوت (٦٧):

غەزەل غەزەل عەشقی (فزولی)و(مەجنوونی)

بە دەنگی سۆز ئەخاتە بەستەی مەحزوونی

تا هونەری رۆژهەڵاتی ئیسلامی

گەشەبکاو بژی دیسان (نیزامی)

هەر لێرەوەو لە ئەنجامی ئەو ئاوردانەوەیەمان لەو بۆچوونانەی کە (گۆران) وەك لێکۆڵەرێك دەربارەی بنیاتی دەقی کلاسیکی خستوویەتیە بەردەست ، ئەم تێروانینانەمان لا گەڵاڵە دەبێت:

١-بنیاتنانی دەقی شیعری کلاسیکی لەسەر (بەیت ) ، وەك یەکەیەکی ئاوازەییو واتایی سەربەخۆی ئەوتۆ کە واتای هەریەکەیان لەخۆیدا تەواو بێتو دانەبەزێتە بەیتی دواتر ، بۆخۆی دیارترین شەقڵی هونەری ڕێبازەکە بووە ، ئەم شەقڵەش بەلای ئێمەوە و لە رووی هونەریەوە ، رێگای بو ئەوە خۆش کردووە کە:

ا - زمانی شیعری چڕترکرێتەوە وچنینی بەیتەکە لە سەر هەردوو ئاستی هاونشینیو جێنشینی سفتتربکرێ

ب- زمانی دەق بەرەو شێوازی گێرانەوە ئاراستە نەکرێ ، کە زمانی دەق بەرەو سادەیی دەبات ، چونکە شاعیر سەرقاڵ دەکات بە لێکدانی ئەلقەکانی بابەتەکەی

ج- ڕەخساندنی ماوەو بوارێکی گونجاو بۆ خوێنەر تا چێژ لە جوانی واتاکەو چنینی یەکە زمانیەکان وەرگریو ڕێگربێت لە بەردەم راپێچ کردنی خوێنەر بەرەو (باس)ی دەقەکە ، کە زنجیرەی بابەتەکە دەیهێنێتە ناوەوە

د- لە ناوچوارچێوەی ئاوازی دەقەکەدا کە کێشە عەروزیەکە لەگەڵ قافیەی یەگرتوودا پێکی دەهێننو بۆخویان بەیتەکان پێکەوە گرێ دەدەن ، بوارلە بەردەم بەیتەکاندا دەکرێتەوە کە هەر یەکەیان و بە چنینی یەکە زمانیەکانیان ، ئاوازی ناوەوە بۆ خۆیان پێك بهێنن و هەر بەو ئاوازانەش زەمینەی چنینێکی نوێ بۆ یەکە زمانیەکان برەخسێنن .

هـ- ئەو بنەما هونەریانەی کە بەیت زەمینەیان بۆ ساز دەکات ، بووە هۆی ئەوەی کە (غەزەل)و(قەسیدە) ببنە دوو بنیاتی دیاری شیعری کلاسیکی بنیاتنراو بە بەیتی سەربەخۆ، کە کێشی عەرووزیو قافیەی یەکگرتوو هەروەك چۆن پێکهێنەری ئاوازی دیوی دەرەوەیان بوون هەربەوجۆرەش کشتەکی بەستنەوەیان بن بە یەکەوەو

بەدیهێنەرێکی هونەریانەی یەکێتی دەقیش بن ، بەتایبەتیش بە سیستەمە یەکگرتوویەکەی قافیە تیایاندا کە بە قافیەی مەسنەوی بەدی نەدەهات ، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شاعیرانی کلاسیکیمان روو لە کێشی برگەیی شیعری فولکلوری‌و قافیەی مەسنەوی نەکەن ، کە زیاتر بۆ داستان‌وچیرۆکی شیعری دەستیان داوە و ئەرکی یەکێتی دەقەکە تیایاندا بابەت‌و شێوازی گێرانەوەکە بینیویانە نەك قافیەکە ، ئەمەسەرباری ئەوەی کە چێژوەرگرەکانیان ئەو کەسانە بوون کە لەژێر چەمکی رۆشنبیری قوناغەکەدا بە(عەوام) ناوبراون نەك توێژە خوێندەوارو رۆشنبیرە شیعردوستەکەی قۆناغەکە کە بە (خەواص)ناوبراون‌و(٦٨) چێژوەرگری غەزەل‌وقەسیدە بوون .

٢- وێنەی شیعری کلاسیکیش بۆخۆیان سەرچاوەکەیان ئەندێشەیەکە کە روو لە جیهانی شیعری خۆی دەکات پێش ئەوەی روو لە واقع بکات ، چونکە لەو جیهانەوە هەوێنی جوانی دەربرین و جوانی واتا بەدەست دێنی تا زاخاوی توانای هونەری‌و داهینانی پێ بدرێتەوە ، جا هەر لێرەشەوەیە کە دیاردەی لاسایی کردنەوە ی یەکتر بۆخۆی بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی و نەك هەر رێی داهینانی لێ نەگرتوون بەڵکو بەرەو داهێنانی ئاراستە کردوون ، چونکە خودی پرۆسەی لاسایی کردنەوەکە لە پێناو هاوشانی کردنی یەکترو خۆ تێپەراندن بووە لەیەکتری.

هەر لێرەوە بینینی وێنەی لەیەك چووی بنیاتنراو بە هونەرەکانی رەوانبیژی لە دەقی کلاسیکیشدا دەبێ ئاسایی ببینرێن ، چونکە لەلایەك پێکهێنراوی ئەو ئەندیشەیەن کە وەك وتمان لە فەزای جیهانی شیعر خۆید ا هەوێنی بەدەست هێناوە ، لەلایەکی ترەوە زادەی هاوچێژی‌و تێروانینی سەردەمەکە بوون بۆ جوانیەکان ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە خودی ئەو وێنە لەیەك چووانە ، هەریەکەیان و لە چوارچێوەی بەیتەکانیاندا و لەگەڵ وینەو یەکە زمانیەکانی دەورووبەریاندا ، ئەرکی نوێی جوانی چنین‌و جوانی واتاییان بینیوەو گیانی جیاجیایان بە جەستەی لەیەکچووی غەزەل‌وقەسیدە بەخشیوە

بەم رەنگەو بەو تێروانینەمان بۆ بنەما هونەریەکانی شیعری کلاسیکیمان ، ئەو راستیە دێتە بەردەستمان کە شیعری کوردیش توانیویەتی شوێن پێی خۆی لەناو ئەدەبی کلاسیکی میللەتە موسڵمانەکانی رۆژهەڵاتدا بکاتەوە ،بەورادەیەی بەیتێکی وەك ئەم بەیتەی (حەمدی)(٦٩)یش شایەنی ئەوە بێت لەگەڵ بەیتەکەی (سەعدی)دا بە دەروازەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵواسرێ(٧٠) :

بەری نابێ درەختی باغی عالەم تا هەموو وەك یەك
بەیەك سۆزو بەیەك شۆرو بەیەك دەم چڵ بەچڵ نەگری

**ئەنجام:**

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەم ئەنجامانە خۆیان دەخەنە بەردەست :**

**١-پەنا بردنە بەر زاراوە ، بەتایبەتی ئەو زاراوانەی کە لەبوارەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و مێژووی گشتی بیری مرۆڤایەتی دا بەکاردەهێنرێن ، پێویستی یەکی مێژوویی گرنگە و نابێ لە یادبکرێت .**

**لایەنێکیش لە لایەنە گرنگەکانەی ژیانی رۆشنبیریمان کە ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعری کوردی یە بەتایبەتی ، پێویستی یەکی تەواویان بەو زاراوانە هەیەو دەبێ کارامانە هەوڵی سازدانیان بۆ بدرێ ، چونکە ئەو زاراوانە راستەوخۆ بیر و بۆچوونە ئەدەبی و رەخنەیی یەکانمان گەڵاڵە دەکەن و کێشەی قۆناغ و شێوازە ئەدەبی یەکانمان بۆ یەکالا دەکەنەوە و زانستانەش رێگای چارەسەرکردنیان دیاری دەکەن .**

**زاراوەیەکیش لەو زاراوە ئەدەبی یە گرنگانەی کە پێویستی یەکی مێژوویی دەیهێنێتە ناوەوەو کێشەیەکی گرنگی ئەدەبیمان بۆ چارەسەردەکات و شێوازێك لە شێوازە ئەدەبی یەکانی کوردیمان بۆ دەدەخات، زاراوەی(کلاسیکی)یە**

**٢- ناساندنی رێچکەیەکی شیعری کوردی لە مێژووی ئەدەبەکەماندا بە زاراوەی(کلاسیکی)و بە چەند لایەنیکی هونەری ئەوچەمکەی کە لە ئەدەبی جیهایدا بەگشتیو لە ئەدەبی میللەتە موسلمانەکاندا بە تایبەتی هەڵیگرتووە ، رێ نوێنکەر مان دەبێت بۆ :**

**ا- شوێن پێ کردنەوەیەکی هونەریانەی شیاو بۆ رێچکەیەکی دیارو دەوڵەمەندی دەقی شیعری کوردی لەناو شیعری کلاسیکی جیهانیو روژهەلاتی ئیسلامیدا ، بەو سیماو شەقلانەی لەگەڵیاندا پۆشیویەتی ، بەوانەشی کە جیای دەکەنەوە لێیان**

**ب- تێروانینێکی بەهادارانە ی هاوشێوەی تێروانینی میللەتانی تر بۆ ئەو قۆناغە ئەدەبیانەیانو بۆ ئەو دەقە شیعریانەیانە کە نایان هێننە ژێر چەمکی (نوێ) ی جێگرەوەی (کۆن)، نەك بێ بەهاکردنیان بە زاراوەی(کۆن)ی بێزراو یان(دێرین)ی هێورکراوەی (کۆن)**

**ج- جیاکردنەوەی رێچکەو دەنگی شیعریی جیا لەیکتر لە قۆناغەکانی شیعری کوردیدا کە هەڵگری سیماو شەقڵی هونەری تایبەت بە خۆیان بوون**

**٣- سەرهەڵدان و چەکەرە کردنی رێبازی کلاسیکی لە شیعری کوردیدا ، دیاردەیەکی ئەدەبی سروشتی بوو ، چونکە:**

**ا- زەمینەو هەوێنی سەرهەڵدانەکەی لە زۆر لایەنەوە -لایەنی مێژوویی نەبێ- هاو شێوەی ئەو زەمینەو هەوێنە سیاسیوکۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئابووریانە بوون کە رێبازی کلاسیکی ئەورووپیو رۆژهەڵاتی ئیسلامیان چەکەرە پێ کردووە**

**ب- تۆوی سەرهەڵدانو نەشونما پێ کردنەکەی شیعری کلاسیکی ، تۆویکی بەمەبەست چێنراو بوو، بۆیە بووە رێبازێکی شیعریی ، بە هەموو ئەو بنەما هونەریانەی کە وەك هەر رێبازیکی شیعریو بەو چەمکەی شیعر کە هەڵگریەتی ، پەیرەویان دەکات**

**٤- دیاردەی لاسایی کردنەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، کە بەردەوام پێی بێ بەها کراوە ، بۆخۆی لێکەوتەیەکی هونەری بەرێباز بوونەکەی بووە ، هەر وەك چۆن بە رێباز بوونی شیعری نوێی کوردی لە سیەکانی سەدەی رابردوودا لەسەردەستی (گۆران )دیاردەی لاسایی کردنەوەو شوێن پێ هەڵگرتنی یەکتری**

هێنایە ئاراوە و کەم و زۆری شاعیرانی قوناغەکە لاسایی کەرەوەو شوێن پێ هەلگری (گۆران) بوون ، ئەمە سەرباری لاسایی کردنەوەی شیعری تورکیو عەرەبیو ئینگلیزی

٥- بەهای هونەری هەردەقێکی شیعری کلاسیکی لە بەرزی زمانەکیو جوانی چنینە زمانیەکەیدا و لە جوانی واتاو مەبە ستەکاندا بووە ، نەك لە و ئەرکەی کە لە روی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رەوشتیەیەوە واتاو مەبەستەکان گەیاندوویانە

٦- پێکهینەرو بنیاتنەری ئەو جوانیو سفتی یەی زمانی دەقی شیعری کلاسیکی ، کە بە زمانی زووربەی دەقی شیعری نوێی کوردی یەوە -،هەر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا حەفتاکانی هەمان سەدە - نابینرێ ، ئەو کێشە عەروزی و قافیە یەکگرتووەو ئەو هونەرانەی رەوانبیژیبوون ، کە شاعیرانی نوێخواز پشتیان تی کردن بێ ئەوەی بە ئەڵتەرناتیفە هونەریەکانیان کە کێشی برگەییو قافیەی مەسنەوی و وێنەی ناتوریالی بوون بتوانن زمانی دەقەکانیان بگەیننە ئاستی سفتیو جوانی دەقی کلاسیکی

پەراوێزەکان :

١- بڕوانە : علم المصگلح ل٣٦

٢- بڕوانە : کتێبی دیداری شیعری کلاسیکی کوردی .

٣- بڕوانە : مفاهیم نقدیە ل٢٢٧-٢٢٨ .

٤- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٨ .

٥- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٩ .

٦- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٩ .

٧- سەرچاوەی پیشوو ٢٢٤، ٢٢٦.

٨-بروانە : الاتجاە الرومانتیکی في الادب الکردی ، هەروەها بڕوانە : الواقعیە في الادب الکردی .

٩- زاراوەی کوردی ل ١٢٢.

١٠- بەلای ئێمەوە زاراوەی ( پێشین ) ناتوانێ چەمکی رێبازێکی ئەدەبی هەڵبگرێ چونکە لە مێژووی ئەدەب و رەخنەی رۆژهەلاتی دا هەمیشە شاعیران و ڕەخنەگران بەرهەمە ئەدەبی یەکانی پێش خۆیانیان بە ( پێشین ) ناوبردووە وەك ئەوەی لەسەردەمی عەباسیەکاندا وشەی ( پێشین) بۆ شاعیرانی جاهلی بەکاردەهێنراو لە ئەدەبی فارسیشدا لە سەردەمێکی وەك سەردەمی مغولی دا ( اشعار پێشینان ) بۆ بەرهەمەکانی پێش ئەو سەردەمە بەکارهاتووە

١١- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٦٥ .

١٢- سەرچاوەی پێشوو ل٢٦٤ .

١٣- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٠ .

١٤- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧١ .

١٥- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٥ .

١٦- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٦ .

١٧-بڕوانە : هونەری شیعر ل.٣٤

١٨- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٧٨ .

١٩- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٨ .

٢٠- بڕوانە : کتێبی النقد اسس النقد الادبی الحدیپ ، جزو الاول.

٢١- بڕوانە : کتێبی الکلاسیکیه فی الاداب و الفنون العربیه و الفرنسیه .

٢٢- مقدمه فی النقد الادبی ل ٢٧٢.

٢٣- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ٢٧٢-٢٧٣

٢٤- الرومانتیکیه ل.٢٢٨

٢٥- سەرچاوەی پێشوو ل.٢٣٦

٢٦- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٨٧-٢٩٧ .

٢٧- قوناغی پیش رومانسیزمی شیعری کوردی :ل١٥

٢٨- الکلاسیکیه ل.١٢

٢٩- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل .٨٥

٣٠- له کتێبی الواقعیه فی الادب الکردی ل٨٧ .

٣١- مفاهیم نقدیه ل ٢٣٩ .

٣٢- رۆژنامەی ژیان ژماره ٣٨٥ .

٣٣- - دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٧٩ .

٣٤- الادب المقارن ل٤٠٩ .

٣٥- الکلاسیکیه وازمات الشعر العربی ، د.صادق القاضی

٣٦- وجوه گفتمانی نگاه شاعران نوگرا به شعر کلاسیك

٣٧- ئەدەبیاتی کوردی ، سیاپوش ، یادگاری لاوان

٣٨- بڕوانە: المزاهب الادبیه ل٩

٣٩ -بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ل٢٧ .

٤٠- سەرچاوەی پێشوو ل٤٩ .

٤١- بڕوانە: الموسوعه الصغیره : النهچه .

٤٢- بڕوانە: تحول شعر فارسی .

٤٣ - بڕوانە : المذاهب الادبیة ل٩ ، ١٦ . هەروەها بڕوانە : الکلاسیکیه ل٦ .

٤٤- بڕوانە : تحول شعر فارسی ل١٢٩ ، ١٩٩ .

٤٥ - بڕوانە : الکلاسیکیه ل ٧ .

٤٦ - بڕوانە : سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی .

٤٧- بروانە : ئەنجوومەنی ئەدیبان ، هەروەها ئەدەبی کوردیو لیکولینەوە لە ئەدەبی کوردی

٤٨- کونیوتازە لە هەلبەستا :ل ٦-١١

٤٩- کاروانی شیعری نویی کوردی :ل٣٥

٥٠- بروانە: بنیاتی هەلبەست لە هونراوەی کوردیدا

٥١- دیوانی نالی :ل ١٧٤، ٣٨٠

٥٢- دیوانی گوران : ل ٩ ، ١١، ١٦٩

٥٣- مەحوی دەلی : لەهەر شیعری لەدیوانت دەجوشی نەشئەیی مەحوی

سەداییکی لەیەکتر جوی دەدا هەرتاری قانوونت

بروانە : دیوانی مەحوی :ل ٧٥

٥٤- دیوانی گوران :ل ١١٧، ١١٩، ٢٦٥، ٣٠٣، ٣٠٦

٥٥- سەرچاوەی پیشوو: ل ١٩٦، ٢٦٨، ٢٨٢، ٢٩٩، ٣٢٠، ٣٢٤

٥٦- بروانە : ستایش‌وپیاهەلدان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،دلشاد علی , گوڤاری بەیان ژمارە (٧٦) کانونی دووەم ١٩٨٢-

٥٧- دیوانی گوران:ل ١١٧

٥٨- دیوانی نالی: ل٣٧٠

٥٩- نالی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خوارروودا ،د.دلشاد علی, گوڤاری زانکوی سلیمانی ژمارە (١٤) ی ٢٠٠٤

٦٠- بروانە: عشق در عرفان اسلامی ، دکتر سید یحیی ییربی

٦١- تەنانەت هەندی جار لە پیناو جوانی زمانەکەدا ژن ناشیرین‌و بی بەها کراوە ، ئەوەتا دەربارەی ئەم بەیتەی مەحوی کە دەلی :

هەی لەژن کەمتر موعەططەل بوچی ؟نەی ژەن لیدە نەی

ساقیا ساقت شکی بەس رابوەستە بینە مەی

لیکدەرەوانی دیوانەکەی لە پەراویزدا دەلین : لەم بەیتەدا ژن بووە بەقوربانی دروست کردنی وشە ئاراییەك بو هاوسەنگ کردنی لەگەل وشەی (نەی ژەن)دا

بروانە: دیوانی مەحوی :ل٣٥٨

٦٢- بروانە : چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا:ل ٨٧

٦٣- بروانە : فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر روشنایی ئەدەبی فارسیدا

٦٤- دیوانی مەحوی: سەرجەمی دەقەکوردییەکان

٦٥- بروانە : چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا: ٦٧

٦٦- تحلیل الخطاب الشعری (استراتیجیە التناص) :ل ٢١- ٤٠

٦٧- دیوانی گوران : ل ٣٠٨

٦٨- بروانە : ئەدەیاتی کوردی ، روژنامەی ژیان ژمارە٣٨٥ :ل٣

٦٩- دیوانی حەمدی :ل ١٦٦

٧٠- سعدی ، د. میسون البیاتی ٢٠١٠/١/١

سەرچاوەکان :

١- کتیب

ا- کوردییەکان:


- ئەجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی ،چاپخانەی کوری زانیاری، بغداد ١٩٨٣

- بنیاتی هەلبەست لەهونراوەی کوردیدا ، د.دلشاد عەلی ، چاپخانەی رەنج ، سلیمانی ١٩٩٨

سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ، د. عزەدین مستەفا رەسول ، چاپخانەی سلێمانی ، الاعضمی ، بەغدا ١٩٧١ .

- چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، د. ئاڤان علی میرزا توفیق، بەریوەبەریتی چاپو بلاوکردنەوەی سلیمانی ٢٠١٢

- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ، ئامادەکردنی حمە سعید حمە کەریم ، دار الحریە ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

- دیوانی حەمدی ،لیکولینەوەی جمال محمدامیی، چاپی یەکەم،چاپخانەی سەرکەوتن،سلیمانی ١٩٨٤

- دیوانی گوران ، محمدی مەلاکریم کوی کردوەتەوەو ئامادەی کردووە ، چاپخانەی کوری زانیاری عیراق ، بەغدا ١٩٨٠

-دیوانی نالی لیکولینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس‌وفاتح عبدالکریم محەمەدی مەلا کریم چاپخانەی کوری زانیاریکورد بەغدا ١٩٧٦

- دیوانی مەحوی لیکدانەوەو لیکولینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس‌و محمدی مەلاکریم چاپخانەی کوری زانیاریکورد بەغدا ١٩٧٧

- رەخنە سازی ، د.کامل البصیر ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری / بەغداد ، ١٩٨٣

- زاراوەی کوردی ، دکتۆر کامل حسن البصیر ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ١٩٧٩ .

- کاروانی شیعری نویی کوردی، حەمەحەمە ئەمین قادر(کاکەی فەللاح) ، چاپخانەی کوری زانیاری کورد ، بغداد ١٩٧٨

- فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر روشنایی ئەدەبی فارسیدا،ئاڤان علی میرزا توفیق، بەریوەبەرایەتی چاپوبلاوکردنەوەی سلیمانی چاپخانەی کەمال ، سلیمانی ٢٠١٣

- - هونەری شیعر ، هۆراس ، وەرگێرانی حمید عزیز ، چاپخانەی الزمان ، بەغدا ، ١٩٧٩ .


ب- عەرەبییەکان:


- الادب المقارن ، د.محمد غنيمي هلال ، الطبعة الثالثة ، دار العودة ١٩٨١ .

- تأريخ الادب العربي ، العصر العباسي الاول ، د. شوقي ضيف ، دار المعارف / القاهرة .

- تحليل الخطاب الشعرى(استراجية التناص)، محمد المفتاح، الطبعة ٣، الدار البيضاء ، ١٩٩٢

- الرومانتيكية ، د.محمد غنيمي هلال ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٣ .

- الكلاسيكية في الاداب و الفنون العربية و الفرنسية ، الدكتور ماهر حسن فهمي و الدكتور كمال فريد ، مكتبة الانجلو العربية ، القاهرة .

- المذاهب الادبية ، د. جميل نصيف التكريتي ، مطابع دار الشؤون الثقافية ، بغداد ، ١٩٩٠.

- مقدمة في النقد الادبي ، د. علي جواد طاهر ، منشورات المكتبة العالمية ، بغداد ، ١٩٨٣ .

- مفاهيم تقدية ، رينية ويلك ، ترجمة د. محمد عصفور ، سلسلة عالم المعرفة (١١٠) ، الكويت ، ١٩٨٧ .
- مقدمة في علم المصطلح ، د. علي القاسمي ، الموسوعة الصغيرة (١٦٩) ، دار الحرية ، بغداد ، ١٩٨٥ .
- النقد اسس النقد الادبي الحديث ، ترجمة هيفاء هاشم ، جزء الاول ، دمشق ، ١٩٦٦ .
- النهضة ، د.كمال مظهر ، الموسوعة الضغيرة (٣٧) ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ١٩٧٩ .
- الواقعية في الادب الكردي ، د. عزالدين مصطفى رسول ، صيدا ، ١٩٦٦ .
- تحول شعر فارسی ، زین العابدین مو تمن ، کتابخانه ظهوری ، چاپ سوم ، ١٣٣٥ خورشیدی
-شعر فارسی از اغاز تا امروز پروین شکیبا چاپ اول چاپ حیدری تهران ١٣٧٠
٢- روژنامەو گوڤار:
- ڕۆژنامەی ( ژیان) ژمارە ٣٨٥ .
- ستایش‌وپیاهەلدان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،دلشاد علی , گوڤاری بەیان ژمارە (٧٦) کانونی دووەم ١٩٨٢-
- کونی‌وتازەیی لە هەلبەستا، گوران ،گوڤاری هیوا ژمارە ٣١ سالی ٤ کانونی دوەم ١٩٦١
-نالی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خوارروودا ، د.دلشاد علی, گوڤاری زانکوی سلیمانی ژمارە (١٤) ی ٢٠٠٤
- یادگاری لاوان ، بغداد ١٢٣٣
- الاتجاه الرومانتيكى فى الادب الكردى ، د. معروف خزندار ، مجله الثقافة (٩) ١٩٦٩ .
ج- نامەی ماستەر
- قوناغی پیش رومانسیزمی شیعری کوردی ١٨٥٠-١٩٢١ ،ئدریس عەبدوللا مستەفا، زانکوی سەلاحەدین ٢٠٠٥
د- سایتە ئەلکترۆنیەکان:
- الكلاسيكيه و ازمات الشعر العربى ،د. صادق القاضي ١٩ تشرين الثاني ٢٠١٢
www.algomhoriah.net/articles
- زن در اینه شعر فارسی www.iranpress.ir
-وجوه گفتمانی نگاه شاعران نوگرابه شعر کلاسیك، دکتر رضا چراغی www.ensani.ir
-سعدی ، اعداد ، د. میسون البیاتی ن الجمعه ٢٠١٠/١/١ www.al-nnas.com
- عشق در عرفان اسلامی ، دکتر سید یحیی یثربي خبری Rss

## کورتەی لیکولینەوەکە

### پیگەی شیعری کلاسیکی کوردی لەناو ئەدەبی روژهەلاتیدا

لەم لیکولینەوەیەدا و بە ئامانجی دیاری کردنی پیگەو بەهای هونەریی شیعری کلاسیکی کوردی لەناو ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتیو لەناو شیعری میللەتە موسلمانەکاندا بە گشتی ، کومەلی باسی تایبەت بە شیعری کلاسیکی کوردی کە تیروانینی جیاجیا دەربارەیان خراوەتە بەردەست ، سەر لە نوی ئاوریان لی دراوەتەوەو سەرنجی نوی وزانستانە دەربارەیان خراونەتە بەردەست ، بە تایبەتی ئەو باسانەی دەربارەی زاراوەی (کلاسیکی)و چەمکەکەیەتیو ئەو سیماو شەقلە هونەریانەش کە شیعری کلاسیکی کوردی پوشیونی .

لیکولینەوەکەش لە سی بەش پیك هاتووە و لە بەشی یەکەمدا روو لە زاراوەو چەمکی (کلاسیکی) لە هەردوو ئەدەبی ئەورووپیو کوردیدا کراوە . لە بەشی دووەمدا باس لە زەمینەی سازدانو سەرهەلدانی ریبازی کلاسیکی لە ئەوروپاو لە ناو میللەتە موسلمانەکانی روژهەلاتو لەناو کوردیشدا . بەشی سییەمیش تەرخان کراوە بو ئاوردانەوە لەو سیماو شەقلە هونەریەکانی ریبازی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا . لە کوتایشدا ئەو ئەنجامە نویانە خراونەتە بەردەست کە لیکولینەوەکە پییان گەیشتووە .



## ملخص البحث

عنوان هذا البحث ( مكانة الشعر الكلاسيكى الكردى في الآداب الشرقية) يهدف الى ابراز القيمة الفنية ومكانة الشعر الكلاسيكي الكردى في الادب الكردى على وجه الخصوص وبين آ داب الشعوب الاسلامية عموما ، ويعرض مباحث مختلفة خاصة بالشعر الكلاسيكى الكردى التى تحمل تفسيرات متباينة و يفض الغبار عنه مرة اخرى بطريقة علمية جديدة ، مركزا على الدراسات حول مفهوم (الكلاسيك) و مميزاته وصفاته الفنية في الشعر الكلاسيكى الكردى .

يتكون البحث من ثلاثة مباحث ، تضمن المبحث الاول مصطلح (الكلاسيكي) في الادبين الاوروبي والكردى ، وفي المبحث الثاني جاء الحديث عن تهيئة الارضية المناسبة لظهور المذهب الكلاسيكى في أوروبا و عند الشعوب الاسلامية في الشرق والشعر الكردى ، اما المبحث الثالث فقد خصص لدراسة المميزات والصفات الفنية للمذهب الكلاسيكى في الادب الكردى ، وفي الختام عرض أهم النتائج الجديدة التي توصل اليها البحث .

## Abstract

## The Status of Kurdish Classical Poetry in Oriental Literature

The study aims to show the status and value of Kurdish classical poetry, particularly in the oriental literature and in the poetry of the Muslim nations in general. A group of topics specified to Kurdish classical poetry is tackled from different views. Those topics are investigated from new and scientific perspectives, especially which are related to the term of classic, its concepts, the forms, and the artistic features of Kurdish classical poetry.

The study is composed of three sections. The first section is specified to elaborate on the terms, and the concept of *Classic* in both European and Kurdish literature. In the second section, the study deals with the emergence of European classical trend in Muslim, oriental nations and Kurdish nation. The third section is devoted to the study of the form and the artistic characteristics of Kurdish classical poetry. Finally, the study ends with some new results and conclusionsss.